ڕۆژنامە ٧
www.rozhnama.com
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
No.537 Thu 20/ 8/ 2009 — نرخ 500 دینار — ژمارە 537 پێنجشەممە 20/ 8/ 2009


تەوەر
لە چاوەڕوانی کابینەی سێبەردا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا
سەردار عەزیز: کارایی ئۆپۆزسیۆن پەیوەستە بەوەی خەڵک بکاتە پاشخانی هێزی خۆی

## لە چاوەڕوانی کابینەی سێبەردا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا

ل١٢


نەوشیروان مستەفا — فۆتۆ: ڕۆژنامە

# نەوشیروان مستەفا: لێرە بەدواوە سێ ئەرکی گەورەمان لەسەر شانە

**هیوا جەمال**

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، ئەمڕۆ بەشداریی یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان ناکاتو رایدەگەیەنێت، لێرە بەدواوە سێ ئەرکی گەورەمان لەسەر شانە کە دەبێت جێبەجێی بکەین، تەئیکد لەوەشدەکاتەوە کە دەستی هاوکاریی بۆ هەموو لایەنەکان درێژ دەکەن.

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، نەوشیروان مستەفا وتی: «هۆی بوونی من لە لیستەکەدا بۆئەوەبوو خەڵک بزانێت ئەم لیستە لیستی ئێمەیەو جدیین لە مەسەلەی دروستکردنی لیستو جێبەجێکردنی بەرنامەکانماندا».

سەبارەت بە ئەرکەکانی داهاتوویان وتی: «لێرە بەدواوە ئێمە سێ ئەرکی گەورەمان لەسەر شانە، یەکەمیان، ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانە، دووەمیان خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەوانە، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سێیەمیشیان خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق».

سەبارەت بە ئەگەری بەشدارنەبوونی لە پەرلەماندا، نەوشیروان مستەفا وتی: «ناچینە پەرلەمان، ئەگەر ئێمە بڕۆین سەرگەرمی پەرلەمانی کوردستان بین، نا پەرژێینە سەر ئەو ئەرکانەی باسمکرد، ئێمە دڵنیاینو متمانەمان هەیە بەو هاوکارانەمان کە دەچنە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، کە بە ڕێکوپێکی ئەو بەرنامەیەی ئێمە هەمانە، ئەو ستراتیژی ئیشکردنەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەمانە ئەوان جێبەجێی دەکەن، لەبەرئەوەی پێمانوایە ئێستا ئەرکی گەورەترمان لەسەر شانە، کە خۆئامادەکردنە بۆ ئەو سێ ئەرکەی کە باسمکرد».

بەپێی زانیارییەکان سێ لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان دەکشێنەوەو بەشداریی ئەم خولەی پەرلەمان ناکەن، (نەوشیروان مستەفا، محەمەد تۆفیق ڕەحیم، عوسمان بانیمارانی)، لەوبارەیەوە سەرۆکی لیستی گۆڕان وتی: ئێمە پێمانوایە ئەمەی کە دورستمانکردووە، فراکسیۆنی گۆڕان وەکو دامەزراوەیەک کاردەکات، وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوانی گەورە، کە خەڵک متمانەی پێبەخشیون، ئەوەش بەشێک دەبێت لەو جوڵانەوەیە، ئێمە ئومێدمان وایە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا، لە هەموو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا فراکسیۆنی گۆڕان دروستبکەین، لە پەرلەمانی عێراقیشدا فراکسیۆنی گۆڕان دروستبکەین.

نەوشیروان مستەفا وتیشی: «بۆ خۆشییو خزمەتو چاککردنی بارودۆخی وڵاتەکەمان، ئامادەین دەستی هاوکاریی بۆ هەموو لایەک درێژ بکەین».

# کەمال کەرکوکی دەکرێتە سەرۆکو ئەرسەلان بایز دەکرێتە جێگرو فرسەت ئەحمەدیش دەبێتەوە سکرتێری پەرلەمان

**ئیبراهیم عەلی**

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لیستی کوردستانی سێ کاندیدی دیاریکردووە بۆ پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمانو جێگری سەرۆکو سکرتێری پەرلەمان.

کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانو جێگری سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان، کاندید دەکرێت بۆ سەرۆکی پەرلەمانو ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کاندید دەکرێت بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمانو فرسەت ئەحمەدیش لە پۆستەکەی خۆی دەمێنێتەوە.

بڕیار وابوو مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی «کەمال کەرکوکی ئەزموونی چوار ساڵی هەیە لە پەرلەماندا، پارتی بڕیاریداوە کەمال کەرکوکی بکات بە سەرۆکی پەرلەمانو مەحمود محەمەد لە حکومەتی هەرێم پۆستێکی باڵای پێدەدرێت».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا بە تەمەنترین ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمان سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە دەکات.

بەهۆی بەشدارینەکردنی نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان کە بەتەمەنترین ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمانەو دوای ئەو شیروان حەیدەری کاندیدی لیستی کوردستانییە، کە تەمەنی (٦٤) ساڵە، دەبێتە سەرۆکی کاتیی.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامە

# ئاسایش مامەڵەی دامەزراندنی (٢٠) مامۆستا ڕایی دەکات

**ڕۆژنامە**

دوێنێ ئاسایشی سلێمانی مامەڵەی دامەزراندنی ٢٠مامۆستای ڕایی کرد کە بەهۆی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە لەو بەڕێوەبەرێتییە نزیکەی ١٨ڕۆژ بوو گلدرابووەوە.

دوای ئەوەی لەژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەدا هەواڵی ڕایی نەکردنی مامەڵەی دامەزراندنی ٢٠مامۆستا لەئاسایشی سلێمانی بڵاوکرایەوە، مامەڵەکان ڕایی کرانو سەرجەمیان ئاراستەی خاوەنەکانیان کرانەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوێنێ دوای ئەوەی خاوەنی مامەڵەکان بۆ هەواڵپرسین لەمامەڵەکانیان سەردانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانیان کردووە، پێیان وتوون تا کۆتایی دەوام سەرجەم مامەڵەکان تەواودەبن، دواتر لەسەعات یەکی نیوەڕۆدا مامەڵەی ١٤کەسیان دراونەتەوە خاوەنەکانیانو بەوانی دیکەشیان وتووە کە تا کۆتایی دەوام ئەوانەی ئێوەش تەواو دەبن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە هەواڵەکەی ڕۆژنامەدا بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ئاماژەی بەوەکردبوو، کە ڕاگرتنی مامەڵەکان پەیوەندیی بەوەوە نییە کە خاوەنی مامەڵەکان کەسانی سەر بەلیستی گۆڕانن.



# ـــەمان کاروانەکەی بەڕێدەخات





ڕاگەیاندنی سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان، وتی: «پێدەچێت بەهۆی پاراستنی بارودۆخی ئەمنییەوە شوێنی دانیشتنەکە بڵاونەکرێتەوە».

## دەستلەکارکێشانەوەی کاندیدەکان

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەستلەکارکێشانەوەی ئەندام بە دوو شێوە دەبێت، ئەگەر کاندیدی لیستێک ویستی دەستلەکاربکێشێتەوەو بەشداریی پەرلەمان نەکات، ئەوا دەبێت لیستەکەی ڕۆژێک پێشتر نووسراو ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکاتو لەوبارەیەوە کۆمسیۆن ئاگاداربکاتەوە، بەڵام ئەندام لە دانیشتنی یەکەمدا ئامادەبوو و نەیویست سوێندی یاسایی بخوات، پێویستە بە نووسراو سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەڵبژێردراو ئاگادار بکاتەوە بۆئەوەی کەسێکی دیکە بۆ شوێنەکەی ئەو دیاری بکات.

## کێ دانیشتنەکە بەڕێوەدەبات؟

بەپێی مادەی دەیەمی بەشی سێیەمی بڕگەی دەستەی سەرۆکایەتی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان، وتارێک پێشکەشدەکات، دواتر داوا لە بەتەمەنترین کەس لەنێو ئەندامانی خولی نوێدا دەکات، سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بکاتو سەرجەم ئەندامانی نوێ لەبەردەم سەرۆکی کاتیدا ئەم سوێندە یاسایيە دەخۆن: (سوێند بە یەزدانی مەزن، پارێزگاریی لە یەکێتی گەلو خاکی کوردستانی عێراقو بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، بە تەمەنترین پاڵێوراوی خولی سێیەمی پەرلەمانە، بەڵام بەنیاز نییە بچێتە دانیشتنەکەی ئەمڕۆوە، بۆیە پێدەچێت شێروان حەیدەری، کاندیدی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی، سەرۆکایەتی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان بکات، کە لەدوای نەوشیروان مستەفا لە هەموو ئەندامانی خولی نوێ بەتەمەنترە.

هاوکات هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە دانیشتنی یەکەمدا دوو ئەندامی لە هەمووان بچووکتر بە تەمەن لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی کاتیی هەڵدەستن بە جیاکردنەوەی ناوەکان، بەوپێیەش دوو ئەندامی لیستی گۆڕانو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی هاوکاریی سەرۆکی یەکەم دانیشتنەکە دەکەن کە تەمەنیان لەنێوان (٢٧-٢٨) ساڵدایە.

دوای ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان (سەرۆک، جێگر، سکرتێر) هەڵبژێردران، سەرۆکی کاتیی داوایان لێدەکات بچنە شوێنی دانیشتنی سەرۆکایەتیو سەرۆکی کاتییش شوێنەکەی بۆ سەرۆکی هەڵبژێردراو چۆڵدەکات.

## خولەکانی ڕابردووی پەرلەمان

خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، کە بەپێی بڕیاری بەرەی کوردستان لە ڕۆژی (١٩/٥/ ١٩٩٢)دا هەڵبژێردرا، یەکەم کۆبوونەوەی ڕۆژی (٤)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامدا، سەرەتا جەوهەر نامیقو خولی گواستنەوەی دوای شەڕی ناوخۆش د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکایەتییان دەکرد، دوا دانیشتنی لە (٧/٤/٢٠٠٥) بوو، ئەم پەرلەمانە دوو خولی بەخۆیەوە بینی، خولی یەکەمی دامەزراندنو خولی گواستنەوە، کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ بوو.

خولی دووەمی پەرلەمانیش (٢٠٠٥-٢٠٠٩) بەتەمەنترین ئەندامو دوو بچووکترین ئەندام پەرلەمان لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لیستی یەکەم بوو لە پەرلەمانو پێکهاتبوو لە هاوپەیمانێتی (یەکێتیو پارتیو یەکگرتووی ئیسلامییو حیزبی شیوعیو یەکێتی نەتەوەییو تورکمانو مەسیحییەکان)، کە یەکەم دانیشتنی لە ڕۆژی (٦/٤/٢٠٠٥) بەڕێوەچوو، بە هەڵبژاردنی خولی سێیەم کۆتایی پێدێت.

بەپێی پرۆتۆکۆڵی دانیشتنەکانی خولی دووەمی پەرلەمان، یەکەم کۆبوونەوەی ئەو خولە بابە تاهیر شێخ جەلال، کە ئەوکاتە تەمەنی (٧٤) ساڵ بوو سەرۆکایەتی کاتیی دانیشتنی یەکەمی کرد، بەهاوکاریی (چنار سەعد عەبدوڵلاو ڤیان سلێمان) کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵیدابوو هاوکارییان کرد بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لەهەمان دانیشتندا عەدنان موفتی وەک سەرۆکو محەمەد قادر عەبدوڵلا (کەمال کەرکوکی) بە جێگرو فرسەت ئەحمەد بە سکرتێری پەرلەمان هەڵبژێردران.

## گەنجەکان کێن؟

لە هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، مەرجی تەمەنی پاڵێوراو، کەمکرایەوە بۆ (٢٥) ساڵ، لەکاتێکدا لە خولەکانی ڕابردوو دەبوو پاڵێوراو تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت، بەڵام ئەو کاندیدانەی کە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان هەڵبژێردرانو تەمەنیان لە خوار (٣٠) ساڵییەوەیە تەنیا چوار کەسن، کە (٣)یان لەسەر لیستی گۆڕانو یەک پاڵێوراوی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازییە، لەکاتێکدا لیستی کوردستانی هیچ کەسێکی خوار (٣٠) ساڵی بۆ ئەندامێتیی خولی نوێ نەپاڵاوتبوو.

# گومان دەکرێت گۆڕە بەکۆمەڵەکەی هەولێر هی شەڕی ناوخۆ بێت


فۆتۆکان: ئیبراهیم عەلی

ئیبراهیم عەلی
سامان بەشارەتی

گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە شاری هەولێر دەدۆزرێتەوە، کە گوماندەکرێت قوربانییەکانی ئەو گۆڕە هی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بن، چونکە جلوبەرگی قوربانییەکان نوێنو پێدەچێت چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەو کەسانە کوژرابن.

لە شاری خەونەکانی شاری هەولێر لەکاتی هەڵکەندنی چاڵێک بۆ دروستکردنی یەکێک لە خانووەکان گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەدۆزرێتەوە، کە پێشتر شوێنی ئەو پرۆژەیە شوێنێکی دەشتایی بووە.

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ئەو کەسانە پێشتر کوژرابنو ئینجا شاردرابنەوە، چونکە ئاسەواری گوللە بە ئێسکی قاچی یەکێک لە قوربانییەکانەوە دیارە.

شایەدحاڵێک کە ئامادەبوو لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە لە کاتی کارکردن لەو شوێنە گەیشتین بە کۆنکرێتێکو دوای شکاندنی کۆنکرێتەکە ڕوفاتی چەند کەسێکمان دۆزییەوە، لەدوای ئەوە وەزارەتی شەهیدانمان لێ ئاگادارکردەوە».

ئەو شایەدحاڵە وتیشی: «ئەو شوێنە پێشتر چۆڵبووەو گومانمان هەیە لەوەی کە ئەو قوربانیانە هی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بن، چونکە ئەو شوێنە هیچ بارەگایەکی لێ نەبووەو دوور بووە لە شار».

ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان کە لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی شاری هەولێر ئامادەبوو بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو پرۆژەیە ئاگادارکراینەوە کە گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیەو بەپێی ئاماژە سەرەتاییەکان پێدەچێت قوربانییەکان پێشمەرگەبن، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەناوبراونو لەو شوێنەدا شاردراونەتەوە».

ئەنوەر عومەر ئەوەشی خستەڕوو کە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان قوربانییەکان چوار کەسنو پێدەچێت دوای لێکۆڵینەوەی زیاتر، ژمارەی قوربانییەکان زیاتر ببێتو قوربانییەکان هەموویان پیاون».



## لە دانیشتنێکی پڕ لە میواندا

# ئەمـڕۆ خـولــی سـێـیـەمـی پــەرلـــ

شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێتو ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێنو پێدەچێت لەهەمان دانیشتندا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سوێندی یاسایی بخوات.

دانیشتنەکەی پەرلەمان بەپێی فەرمانی هەرێمی، ژمارە (١٥٩) ساڵی (٢٠٠٩)ی بڕگەی «سێیەم»ی مادەی «دەیەم»ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو بەڕێوەدەچێت، کە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١٧)، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پێشووی هەرێم دەریکردووە.

### میوانەکان ئامادە دەبن

تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سـەرۆکـی خولی دووەمـــی پەرلەمان ڕایگەیاند: وەک نەریتێکی پەرلەمانیی، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێو دەستپێکی خولەکاندا، ژمارەیەک لە نوێنەری وڵاتانی دۆستی هەرێمو باڵیۆزو کونسوڵخانەکان بانگهێشتکراون، تـا بـەشـداریـی لەو دانیشتنەدا بکەن، هاوکات بەشێکی زۆری لایەنە عێراقییەکان بانگهێشتی دانیشتنەکە کـراون، بەتایبەتو بۆ ئەم دانیشتنەی پەرلەمانیش هەریەک لە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقو نوری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق بانگهێشتی کۆبوونەوەکە کراون.

### سەرۆکی هەرێم دەتوانێت سوێند بخوات

یـەکـەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی پێشووی هەرێم، بەڕێوەدەچێت، بەپێی مادەی نوێیەمیش لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم لەدوای هەڵبژاردنو پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرکو فەرمانەکانی لەماوەی حەوت ڕۆژ دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکانەوە، دەبێت سوێندی یاسایی بخوات لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، بـەڵام وێـڕای بوونی ئەو یاسایە، هیچ یاسایەکیش نییە کە ڕێگربێت لەوەی لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا سەرۆکی هـەرێـم سـوێـنـدی یـاسـایـی بـخـوات، بەوهۆیەشەوە پێدەچێت ئەو پرۆسەیە هەر ئەمڕۆ بەڕێوەبچێت.

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی دووەمـی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هیچ یاسایەک ڕێگرنییە، ئـەمـڕۆ دوای مەراسیمو هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە سەرۆکو جێگرو سکرتێر هەڵبژێردرا، کەمێک پشوو دەدرێت، دوای پشووەکە جارێکی دیکە پەرلەمان دادەنیشێت، پەرلەمان بڕیاردەدات کە لە مەراسیمی دانیشتنی داهاتوویان سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی بخوات، پشوویەکی دیکە دەدرێـتو دوای ئـەوە سەرۆکی هەرێم لەبەردەم دەستەی هەڵبژرێدراوی سەرۆکایەتی پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم دەستبەکاردەبێت.

### پەرلەمانتارانی خولی دووەمیش لەوێن

فرسەت ئەحمەد، سکرتێری خولی دووەمـی پەرلەمان لە داواکارییەکیدا، کە لە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، داوا لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-خولی دووەم کـراوە کە بەشداریی لە مەراسیمی کـردنـەوەی دانیشتنی یەکەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بکەن.

ئەمە لەکاتێکدایە لەنێو ئەندامانی خولی سێیەمدا لە لیستی کوردستانی (٧) پەرلەمانتارو لە لیستی گـۆڕان (٢) پەرلەمانتاری خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دووبارە هەڵبژێردراونەتەوە، هاوکات هیچکام لە پاڵێوراوانی لیستەکانی خزمەتگوزاریو چاکسازییو بزووتنەوەو لیستی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە خولی دووەمی پەرلەماندا بەشدار نەبوون.

### دانیشتنەکە لە دەرەوەی پەرلەمان دەبێت

لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر میوان بانگهێشتی دانیشتنەکەی پەرلەمان کراونو بڕیاریشە ئەندامانی پێشووی پەرلەمان ئامادەی دانیشتنەکە بن، یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان لە دەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانی کـوردسـتـانو لە شوێنێکی فراوانتر ئەنجامبدرێت.

سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنەکەش کەریم بەحری، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی یاسا دانیشتنی پەرلەمان دەتوانێت لە دەرەوەی هۆڵی داینشتنەکان بێتو لەناو هەولێردا لە هەر شوێنێک بێت ئەنجامبدرێت، بەڵام بۆ دەرەوەی هەولێر دەبێت بە بڕیاری پەرلەمان بێت.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش پێدەچێت دانیشتنەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوەبچێت، بەڵام ڕاوێژکاری

## هێزێکی جیاواز دەچێتە پەرلەمان



هاوڕێ عەبدوڵڵا

ئەمڕۆ یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکاتو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان ئەم ساتە بە «ڕۆژێکی مێژوویی» ناودەباتو دەڵێت: ئەمڕۆ سەرەتایەکە بۆ بە جدیی مومارەسەرکردنی دیموکراسی لە پەرلەمانی کوردستاندا.

بڕیارە ئەمڕۆ پێنجشەممە (٢٠٠٩/٨/٢٠) پەرلەمانی تازەهەڵبژێردراوی کوردستان (خولی سێیەم) یەکەم دانیشتنی خۆی دەستپێبکاتو چاوەڕواندەکرێت لەو دانیشتنەدا ئەندامانو سەرۆکایەتی خولی دووەمـی پەرلەمانی کوردستانو چەند بەرپرسێکی عێراقو هەرێمو ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانو ژمارەیەک لە میوانی ناوخۆو دەرەوە ئامادەبن.

لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابـردووی هەرێمی کوردستاندا لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتنێکی گـەورەیـان بەدەستهێنا، بەتایبەت لیستی گـۆڕان، کە خاوەنی (٢٥) کورسییە لەم خولەی پەرلەمانداو وەکو ئۆپۆزسیۆن خۆی ناساندووە، بەوهۆیەشەوە پەرلەمانی کوردستان دەبێتە خاوەنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گـۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی جیاوازەو جەژنێکی گەورەی دیموکراسییە لە کوردستانداو ئەمڕۆ سەرەتایەکە بۆ بە جدیی مومارەسەکردنی دیموکراسی لە پەرلەماندا، «ئەمڕۆ دەبێتە ئەو ڕۆژە مێژووییەی کە هەرگیز لە ڕۆژەکانی پێش خۆی ناچێت». لەمڕۆوە پەرلەمان خەڵکانی جیاواز لە خەڵکانی پێشوو لەخۆدەگرێتو ئیتر هاوڵاتییانی کوردستان بە «ئومێدێکی زۆرەوە» لە پەرلەمان دەڕوانن، چونکە وەک د.جەعفەر ئاماژەی بۆکرد، لە ڕابردوودا هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نەبووەتە مایەی هاتنەپێشەوەی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو ئەندامانی پەرلەمان تەنیا ئەو شەخسانە بـوون، کە لەلایەن حیزبەکانەوە دانـراونو «خاوەنی بڕیارنەبوونو بڕیارەکان لە ژوورە تاریکەکانەوە دەرچوون»، بەڵام ئەمجارە بە حوکمی ئەوەی هێزێکی «ئۆپۆزسیۆنی جدییو خاوەن ئیرادە دروستبووە، دەبێتە داکۆکیکەری مافەکانی خەڵک»،

وتیشی: «ئەمڕۆ هێزێک دەچێتە پەرلەمان کە بڕیاریداوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگاوەری بە ئەمەکی دەستکەوتی گشتییو دیموکراسیو دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو گەڕانەوەی مافی هاوڵاتییانو مافخوراوەکان بێت».

## کوردستانیش بڕیار لەسەر ئایندەی هێزەکانی ئەمریکا دەدات

هەستیار قادر

حکومەتی عێراق داوا دەکات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ڕاپرسیی لەسەر ڕێکەوتنی ئەمنیی عـێـراقو ئەمریکا پێکەوە ئەنجامبدرێن، کە شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بەشداریی تێدادەکەن.

لە بەیاننامەیەکدا عەلی دەبـاغ، وتـەبـێـژی حـکـومـەتـی عـێـراقـی ڕایگەیاند «ئەنجومەنی وەزیرانی عـێـراق ڕەزامـەنـدیـی دەربـڕیـوە لـەسـەر پـرۆژەیـاسـای ڕاپرسیی لەسەر ڕێکەوتنی عێراقو ئەمریکا سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو لەو پرۆژەیەشدا بـاس لـەوە کـراوە کـە ڕاپرسیی لـەسـەر ڕێکەوتنەکەی عـێـراقو ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوودا ئەنجامبدرێت».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، حکومەتی عێراقی پرۆژەیاسای ڕاپرسیی لەسەر ڕێکەوتنەکەی عێراقو ئەمریکای ڕەوانـەی ئەنجومەنی نـوێـنـەران کـردووە بەمەبەستی تاووتوێکردنو پەسەندکردنی.

عـەبـدولڕەحـمـان خـەلـیـفـە، بـەڕێـوەبـەری پـەیـوەنـدیـیـە جـەمـاوەریـیـەکـانـی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند «تائێستا بـەشـێـوەیـەکـی ڕەسـمـیـی لـەوە ئاگادار نەکراوینەتەوە کە ڕاپرسیی لەسەر ڕێکەوتنەکە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجامدەدرێت».

خەلیفە ئاماژەی بـەوەشـدا، کە پێویستە پرۆژەیاسای ڕاپرسیی لەسەر ڕێکەوتنی عێراقو ئەمریکا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەند بکرێتو دواتر کۆمسیۆنی لێ ئاگاداربکرێتەوە تا بە ڕاوێژ لەگەڵ دائیرە جیاوازەکانی کۆمسیۆندا ئەوە تاووتوێ بکات، کە ئایا دەتوانێت ئەو ڕاپرسییە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجامبدات یان نا.

بەپێی پرۆژەیاسای ڕاپرسییەکە، شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بەشداریی لەو ڕاپرسییەدا دەکەن کە لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا ئەنجامدەدرێنو لەوبارەیەشەوە زوهێرخۆشناو، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕاپرسییە لەشارەکانی هەرێمی کوردستانیش ئەنجامدەدرێت، وەک چۆن ڕاپرسیی لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەنجامدرا، بـەڵام پەسەندکردنی ڕێکەوتنی ئەمنیی عێراقو ئەمریکا پێویستی بە زیاتر لە نیوەی دەنگی دەنگدەرانی بەشداربووی ڕاپرسییەکە هەیە».

## ڕێکخراوێکی نوێ بۆ زیندانییە سیاسییەکان پێکدەهێنرێت

نیان مەجید

ئەندامێکی دەستەی داکۆکیکار لە زیانداننییە سیاسییەکان ڕایگەیاند: لـەمـاوەی (١٠) ڕۆژی داهـاتـوودا ڕێکخراوێکی نـوێ بۆ زیندانییە سیاسییەکان دادەمەزرێننو مووچەی هەر ئەندامێکیش لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نابێت.

لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی داکۆکیکار، ڕایگەیاند: بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە، داوایەکیان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی هەرێم کردووەو ئەویش بەڵێنی پێداون کە لە (١٠) ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامبدەنو نوێنەرانیان هەڵبژێرن، وتیشی: «ناوی ڕێکخراوەکەش هەر بە ناوی دەستەی داکۆکیکار دەمێنێتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا کۆسرەت ڕەسوڵ، بەڵێنی بە دەستەکە داوە کە خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نـوری مالکیدا تاووتوێی ئـەم مەسەلەیە بکات، لەکاتێکدا ئەمە کـاری حکومەتو پەرلەمانە».

محەمەد پـشـدەری، ئاماژەی بەوەشدا، کە پەرلەمانو حکومەتی ڕابــردوو «کەمتەرخەمبوون» لە بەجێهێنانی داواکانیانو ئەگەر ئەم هەوڵەشیان سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا پەنا بۆ پەرلەمانی نوێ دەبەن، کە بڕیارە ئەمڕۆ یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجام بدات.

ڕەخنەی ئەوەیشی لە کۆمکاری زیندانیە سیاسییەکان گرت کە ئەو بڕە پارە کەمە پەسەند دەکەن کە (٣٩٠) هەزار دینارە بۆ هەر زیندانییەکو لەهەموو عێراقدا جگە لە کوردستان مووچەی مانگانەی زیندانییەکی سیاسیی (٥٠٠) هەزار دینارە، ئێمە بە هیچ شێوەیەک خۆمان بەکەمتر نازانین لە زیندانییە سیاسییەکانی عێراقو نابێت مووچەمان لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر بێت».

# بەبێ هیچ یاساو بڕیارێک، سزای لەسێدارەدانی (١٣٤) کەسی حوکمدراو ڕاگیراوە

شارا عەبدولڕەحمان

بەبێ هیچ بڕیارو یاسایەک بۆ وەستاندنی، سزای (١٣٤) کەسی حوکمدراو بە سزای لەسێدارەدان لە هەرێمی کوردستان وەستاوەو جێبەجێ ناکرێت، وەزارەتی مافی مرۆڤیش داوادەکات بەهەموو جۆرێک سزای لە سێدارەدان لە هەرێمدا نەهێڵرێت.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا (١٣٤) حوکمدراو بە سزای لەسێدارەدان لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، کە (٦٨)یان لە بەندیخانەکانی سلێمانیو (٢٦)یان لە بەندیخانەکانی هەولێرو (٤٠)یان لە بەندیخانەکانی دهۆکنو لە نێویشیاندا (٧) ژن هەن کە سەرجەمیان بە تاوانی کوشتنو تیرۆرو چەندین کێشەی دیکە سزادراون، بەڵام بەبێ هیچ یاساو بڕیارێک حوکمەکانیان وەستێنراوەو جێبەجێ نەکراوە.

هەر ئەو وەزارەتە لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/١)دا لە شاری هەولێر کۆنفراسێکی تایبەتی سەبارەت بە کەمکردنەوەی سزای لەسێدارەدان ڕێکخستو پرۆژەیەکی بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان کرد، وەک یاسایەکی جێگرەوە بۆ یاسای لەسێدارەدان کە ساڵی (٢٠٠٦) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

نازم دڵبەند، وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کۆنفراسەکەدا لیژنەی پێشنیازو ڕاسپاردەکانمان پێکهێناو بە مەبەستی هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان ڕاپۆرتێکمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردو وەزیری مافی مرۆڤ بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کرد، بەڵام «سەرۆکی پەرلەمان پێی باش نەبوو کە سزاکە هەڵبگیرێت، بەهۆی ئەوەی کە تائێستا کوردستان لەژێر هەڕەشەی تیرۆردایە، بۆیە پەرلەمان ناتوانێت بڕیار یان یاسای نەهێشتنی سزاکە دەربکات».

بەپێی مادەی (١١)ی یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی پەرلەمانی کوردستان، سزای لەسێدارەدان (الاعدام) لە هەرێمی کوردستان ڕاگیرابوو، دواتر بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو دەسەڵات درا بە سەرۆکی هەرێم کە حوکمی سزای لە سێدارەدان پەسەندبکات یان کەمی بکاتەوە، دواتریش یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠٠٦) یاسای کارپێکردنەوە بە سزاکە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو.

بەوهۆیەشەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ هەوڵیدا کە پرۆژەکەی بکرێتە پرۆژەیاساو لە پەرلەمان پەسەندبکرێت، بەڵام بە وتەی نازم دڵبەند، پرۆژەکەیان ماوەی دوو ساڵە لە ئەنجومەنی شورای حکومەتی هەرێم گلدراوەتەوەو هێشتا نەچووەتە پەرلەمانو وەڵامیشیان نەداونەتەوە.

وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ وتیشی: «ئێمە پێمانباشە حوکمی لە سێدارەدان نەمێنێت، چونکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێتو چەندین کێشەی خێزانیو ماڵوێرانییو پەرتەوازەبوونی لێدەکەوێتەوە».

سەبارەت بە وەستاندنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستاندا، عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ یاساو بڕیارێک لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرنەچووە بۆ وەستاندنی سزای لەسێدارەدانو جێبەجێنەکردنی حوکمی ئەو کەسانەی کە بەو سزایە حوکمدراونو هیچ پرۆژەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤیشمان لەوبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە».

هەرچەندە پێشتر فاروق جەمیل، وەزیری داد، ڕایگەیاندبوو، کە بەبێ هیچ کێشەیەک لەکوردستاندا حوکمی لەسێدارەدان جێبەجێدەکرێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لەساڵی (٢٠٠٩)دا هیچ سزایەکی لەسێدارەدان لەکوردستادا جێبەجێ نەکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ یاساو بڕیارێک بۆ وەستاندنی جێبەجێکردنی سزاکە دەرچووبێت.




# چەند لایەنێکی عەرەبو تورکمان، پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕەتدەکەنەوە

هاوڕێ عەبدوڵڵا

چەند لایەنێکی عەرەبیو تورکمانی، پێکهێنانی هێزی هاوبەشی (ئەمریکی، عێراقی، کوردی) لە ناوچەجێناکۆکەکان ڕەتدەکەنەوەو ئەو هەنگاوە بە «کێشەیەکی مەترسیدار» ناودەبەن، هاوکات، لایەنە کوردییەکان پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشە بە «چارەسەرێکی گونجاو» دادەنێن بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە.

ژەنەراڵ ڕای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، پێشنیازی خستووەتە بەردەمی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی هێزێکی هاوبەش لەنێوان هێزەکانی (ئەمریکا، عێراق، پێشمەرگە) پێکبهێنرێتو لە ناوچەجێناکۆکەکاندا بڵاوبکرێنەوەو ئەو ناوچانە بپارێزن، بەتایبەت شاری موسڵ.

چەند لایەنێکی تورکمانی ئەو پێشنیازەی ئۆدێرنۆ ڕەتدەکەنەوەو ئەو هەنگاوە بەپێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان ئەمریکاو عێراق وەسفدەکەنو داوای ئەوەدەکەن کە هێزەکانی عێراق ئەو ناوچانە بپارێزنو بەیاننامەیەکی بەرەی تورکمانی عێراقی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی عێراقیو ئەمریکیو کوردی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان عێراقو ئەمریکا ناودەبات.

هەروەک تێیدا هاتووە: پارێزگاریکردنی ناوچەجێناکۆکەکان لە ئەرکەکانی سوپای عێراقەو هێزەکانی ئەمریکا بەبێ هاوکاری هێزە عێراقییەکان نابێت هیچ کارێک ئەنجامبدەن، «پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بەتایبەتیو کێشەکانی دیکەی عێراقو هیچ خزمەتێک بە کێشەی کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان ناکات».

بەرەی تورکمانی داواش لە نوری مالیکی دەکات، سەردانی کەرکوک بکاتو لە نزیکەوە ئەو زیانانە ببینێت کە بە کەرکوک گەیشتوون.

عەلی مەهدی، جێگری سەرۆکی حیزبی تورکمانئیللیو ئەندامی لیژنەی ئەمنیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دژایەتی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی کرد، چونکە بە وتەی ئەو، تورکمانەکان چەندساڵێکە دەناڵێنن بەدەست ئاسایشو پێشمەرگەی کوردەوەو نایانەوێت هێزی چەکداری کوردی بەرپرسیارێتیی ئەمنیی وەربگرێت، هەروەها بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان ئەمریکاو عێراق، ئەمریکا بۆی نییە تەداخولی کێشەی ناوخۆییو کاروباری پارێزگاکان بکات، وتی: «لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگە لەعێراق وجودیان هەبووەو باری ئەمنییش تائێستا خراپە، من دەپرسم ئەمریکا بە چ پێوانەیەک باس لەوەدەکات، مەبەست لە پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشە پاراستنی ئەمنییەتە؟ کە بە ڕای من پێکهێنانی ئەو هێزە کێشەیەکی گەورە دروستدەکات لە ناوچەکەدا».

هاوکات، بەشێک لە لایەنە عەرەبییەکان لە پارێزگای کەرکوک پێشنیازەکەی ئۆدێرنۆ ڕەتدەکەنەوەو داوادەکەن ناوچەجێناکۆکەکان لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکاندا بێت.

عەبدولڕەحمان مونشید، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی سیاسیی عەرەبی لە کەرکوک، ڕایگەیاند: عەرەبو تورکمانەکان ئەو پێشنیازەی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕەتدەکەنەوە، ئێمە داوادەکەین هێزەکانی عێراق نەک بە تەنیا لە ناوچەجێناکۆکەکان، بەڵکو لەسەرجەم ناوچەکانی عێراقدا بوونیان هەبێتو نامانەوێت هێزی ئەمریکی یاخود هێزی دیکەی سەر بە حیزبە کوردییەکان لەو ناوچانە بوونیان هەبێت.

بە پێچەوانەی عەرەبو تورکمانەکانەوە، بەرپرسە کوردەکان پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لە ناوچەجێناکۆکەکان بە کارێکی باش ناودەبەن.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو پێشنیازە «شتێکی باشە»و دەبێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئەو ناوچانە، جگەلەوە تائێستا لایەنەکان یەکتریان تۆمەتبارکردووە لە خراپبوونی باری ئەمنیدا، بە پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشە ئەو یەکتر تۆمەتبارکردنەش نامێنێت.

هەروەک عادل بەرواری، ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی پێشووتریدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو: «پێکهێنانی هیزێکی سێ لایەنە لە جێگەی خۆیدایەو لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەمریکا ئاشتیپارێز دەبێت، ئەوە چاکترین چارەسەرە بۆ ئەو کێشانەی لەو ناوچەیەدا هەن، چونکە ڕێگە بە هەڵگیرسانی شەڕی کوردو عەرەب نادات».



# هەڵە تەکنیکییەکەی رۆژنامەو تاوانە مەزنەکەی دەسەڵات لە هەولێر

قادر نادر



چەند رۆژێک لەمەوبەر لە کەمپەینی داکۆکیکردن لە شوێنەوارەکانی کوردستان، بەیاننامەیەکمان لەسەر تاوانی دەسەڵاتی کوردی بڵاوکردەوە، کە لە وۆرک شۆپێکی هەولێردا چەندین ئەکادیمستی جیهانیو کوردی رەخنەیان لە دروستکردنی چەندین باڵەخانەی بەرز لە سەنتەری یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان (هەولێر) گرتبوو، شارێک ژێرو سەرووی پڕ لە شوێنەوار بێت، نابێت بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە تەک ئەمەش لە گەورەترین گاڵتەجاڕیی بە یاساو حکومەت، بەرپرسانی شاری هەولێر خۆیان وتەنی گەورەترین بازاڕ لە خۆرهەڵاتی ناوین (نیشتمان) تاتەواو ناکەن، بەدوای مۆڵەتی یاسایی ناچن.

نە ناساندنی شاری هەولێر بە شارێکی کلتووریی، گورزێکی سیاسیی بۆ کوردو فاوڵێکی دیکەی نەتەوەیی دەسەڵاتی کوردییە، چونکە ئەگەر ئەم شارە بە شارێکی کلتووریی ئەژمار بکرایە، ئەوا لە تەک موڵکیبوونی کورد، دەبووە موڵکی نەتەوەیەکگرتووەکانو جیهانیش، ئەوکات هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر ئەو شارە مێژوویی‌یەو شوێنەوارەکانی، دەستدرێژیی دەبوو بۆ سەر نەتەوەیەکگرتووەکانیش.

بەڵێ هەر دوای ئەو بەیاننامەیەی ئێمە، کە بۆ زیاتر لە (٢٠٠٠) ئیمێل نێردرا، لەناویاندا زیاتر لە (٣٠٠) ماڵپەڕو رۆژنامە، کە بەشی زۆری بڵاویانکردەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەرپرسانی شاری هەولێر تەنگاو بنو بەدوای دەروازەیەکدا بچن تا راستییەکان چەواشە بکەن، بۆیە کە لە هەواڵەکەی رۆژنامەی رۆژنامە ئەو هەڵە بچووکەی تیا روویدا، پارێزگاری هەولێر بە پەلە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی لەگەڵ نوێنەرێکی یونسکۆ لە کوردستانو سەندیکای رۆژنامەنووسان سازکرد، کە سەرجەم وتەکانی هەرسێ لایەن لەیەک خاڵدا چڕبووەوە، کە (یۆنسکۆ بەیاننامەی دەرنەکردوە) بێئەوەی ئاماژەو روونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەن، ئەی هۆی چییە هەولێر بە شارێکی کلتووریی ئەژمار ناکرێت؟ دوای پرسیارکردن لە رۆژنامەی رۆژنامە، کە هۆی چی بوو ئەو هەڵەتان کردووە، وتیان هەڵەیەکی تەکنیکیی کارمەندێکمان بووە، ئەگەر نا چەندجار ئاماژە بەوەکراوە بەپێی بەیاننامەیەکی کەمپەینی دژ بە شوێنەوارەکان لە باشووری کوردستانەوە نووسراوە، هەر ئەوکات سەدبارە ئاسا هزرم لەوەوە وەستا، ئێمە لەگەڵ چ دەسەڵاتێک دەژین، ئەوان خۆیان چەندین هاریکاریی سەربازییو سیاسییو دەزگای هەواڵگرییان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ئەنجامداوە، بەڵام کە یەکگرتوو لە کۆنفرانسێکی قاهیرە بەشداریی دەکاتو نوێنەرانی بەعس تیایدا بەشداردەبن، بە ناپاکیان لە بەرامبەر بە کورد لە قەڵەمدا. خۆیان پڕ لە فایلداریان تیایە، بەڵام کە پێشمەرگەیەکی کۆن تەنیا تەسلیم بووبێتەوە، بە تاوانێک ئەژماری دەکەنو دەیکەنە مانشێتی رۆژنامەکانیان. بە کۆ کۆمەڵگەو دەسەڵات بەرەو گەندەڵیی دەڕواتو دەیان جار بە بەڵگەوە کاری نایاساییو دزیی بەرپرسان دەبێتە مانشێتی رۆژنامەکان، زیندانو دادگا بوونی نییە، کەچی کە کوڕە هەژارێک ماتۆڕێک یان مۆبایلێک دەدزێت، دەیهێننە سەر شاشەکانی تیڤی! ئەوان خۆیان قوتابخانەیەک بوون لە زمان زبری رۆژنامەنووسیی، کەچی کە یەکێک کەمێک بە توندیی بپەیڤێو بنووسێت، دەڵێن لە ئەوروپاش ئازادیی رۆژنامەگەریی بەوشێوەیە نییە، بێئەوەی لە یادیان بێت، هەر لەو ئەوروپایەش دەسەڵات کە گەندەڵییو تاوان دەکات، بە فشاری رۆژنامە دەچێتە زیندانەوە. بەڵێ ئەوان خۆیان گەورەترین بازاڕیان لە سەنتەری شارێک دروستکردووە، کە سیمای شوێنەواری پیرە هەولێری خستووەتە مانو نەمانی ناساندنی بە شارێکی کلتووریی لە گەورەترین دەزگای سیاسیی جیهان (یونسکۆ)، لەتەک ئەمەش لە گەورەترین گاڵتەجاڕیی بە یاساو حکومەت، بێ مۆڵەت دەستپێدەکەنو تا تەواوی ناکەن، لە دەرگای یاسایی شارەوانی نادەن، کەچی کە رۆژنامەی رۆژنامە هەڵەیەکی تەکنیکیی یان بەهەر هۆکارێکی دیکەوە وشەیەک هەڵە دەردەبڕێت، پارێزگار کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی بۆ ئەنجامدەدات. پرسیار ئەوەیە، ئایا هەڵەکەی رۆژنامەی (رۆژنامە) شایستەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی بوو یان ئەو تاوانەی لە پیرە هەولێر ئەنجامدراوە، کە شارێک لە سیما مێژووییەکەی دادەماڵرێتو بازاڕێکیش لە سەنتەری شار بێ مۆڵەت دەستپێدەکرێت؟ ئێوە هەڵەیەکی تەکنیکیی دەبینن، بەڵام تاوانێکی نەتەوەیی نابینن.

# سەندیکا نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسان دەکات؟

ستارە عارف

رۆژی یەکشەممە (٨/١٦) رۆژنامە راپۆرتە هەواڵێکی، کە بەیاننامەیەکی کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکانی باشووری کوردستان بوو، بڵاوکردەوە، هەمان رۆژ بەبێ گەڕانەوە بۆ رۆژنامە بۆ زانینی راستیو دروستی هەواڵەکە، پارێزگاری هەولێر کۆنفرانسێکی بە پەلەی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەواڵەی رۆژنامە رێکخستو نوێنەرێکی لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئامادەی کۆنفرانسەکە بوو، کە پێویست بوو سەندیکا رێگەی نەدایە بێ وەرگرتنی رای رۆژنامەو دوای روونکردنەوەیەک ئەو کۆنفرانسە بە پەلەیە ببەستێت.

بە رای رۆژنامەنووسان، رۆژنامە وەک کاری رۆژنامەنووسی بێلایەنو بێ هیچ مەبەستێک بەیاننامەی کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکان لە باشووری کوردستان گوێزاوەتەوەو ئەو هەڵەیەشی کە کرابوو رۆژی دواتر روونکردنەوەی لەبارەوە درا. دەبوایە سەندیکا بەشداریی ئەو کۆنفرانسەی نەکردایە.

ئاریان محەمەد، سەرنووسەری رۆژنامەی ئاڵای ئازادی، گومان لەوە ناکات کە سەندیکای رۆژنامەنووسان «بێلایەن نییە»، بۆیە وتی: لە ئەزموونی پێشترماندا بۆمان رونبووەتەوە کە خزمەتی ئەو بەرنامەیە دەکەن دەسەڵات بۆیان دا دەرێژێت، وەک سیاسەتی گشتیی ئەو رێکخراوە هێندەی بە ئەرکە حیزبیو سیاسییەکان هەڵدەستێت ئەوەندە ئەرکە پیشەییەکان بەڕێوەنابات، وتیشی: «لە دووبارە بەخشینەوەی مۆڵەتی ئاڵای ئازادی بە رۆژنامەیەکی دیکە لە دەرەوەی ئێمە پێشێلکارییەکی یاسایی بوو دژی رێنماییەکانی خۆیان، لەبەرئەوە سەندیکای رۆژنامەنووسان نەک هەر بەرامبەر رۆژنامەی رۆژنامە، لە زۆر شتی دیکەشدا بێلایەن نەبووە، هەر ئەوەش وایکردووە کە زۆر لە رۆژنامەنووسان بە منیشەوە ئەو رێکخراوە بەهی خۆمان نەزانین».

بەڵام بە رای فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەرکی سەرەکی سەندیکا داکۆکیکردن بووە لە رۆژنامەنووسانو تائێستاش بە کردەوە جێبەجێیانکردووەو بەڵگەشیان بۆ ئەوە راپۆرتی شەش مانگی سەندیکایە، کە بێلایەنیی سەندیکا دەردەخات، دەڵێت: «ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە چاوپۆشی لە زیادەڕۆیی رۆژنامەنووسان بکەینو هەر رۆژنامەنووسێک پێشێلکاریی بکات»، ئامادەبوونی نوێنەری سەندیکاش لەو کۆنفرانسەدا بە رای فەرهاد عەونی ئەوە ناگەیەنێت کە سەندیکا لایەنگریی دەکاتو لە هەر کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیو بۆنەیەکدا بێلایەنین، کەعبە رووخاویش نییە کە لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بین.

بە بڕوای هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، ئەگەر رۆژنامەکە زانیاری تەواوی هەیە، دەبێت سەندیکا پشتگیریی تەواوی لێبکات، لەبەرئەوەی رۆژنامەش دانی بە هەڵەکەی خۆیدا ناوە، دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەڵە ئەو کاتە بە تاوان لەسەری ناژمێردرێت کە دانی بە هەڵەی خۆیدا نا، رۆژنامەی رۆژنامەش بە مەبەست ئەو هەڵەیەی نەکردووەو لە هەمانکاتیشدا پۆزشی هێناوەتەوە، هەموو رۆژنامەیەک شایەنی هەڵەیەو دەبوایە ئەوان بۆ رۆژنامە بگەڕانایەتەوەو راستی هەواڵەکەیان روونبکردایەتەوە، کە یەکسەر کۆنفرانسیان بەستووەو نەیانهێشتووە پۆزش بهێننەوە، دەبێت سەندیکا لەم بارەیەوە قسەی هەبوایە.

> **هەڤاڵ ئەبوبەکر: رۆژنامەی رۆژنامە بەمەبەست ئەو هەڵەیەی نەکردووەو لەهەمانکاتیشدا پۆزشی هێناوەتەوە**

رۆژنامەنووسێکیش کەپێی باش نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێت پێیوابوو، هیچ کاتێک سەندیکای رۆژنامەنووسان داکۆکیی لە رۆژنامەنووسانی ئازاد نەکردووە، دەبوایە لە سەرەتاوەو بەپێی عورفی رۆژنامەنووسی پێش کۆنفرانسەکە پارێزگار روونکردنەوەیەکی بۆ رۆژنامەکەتان بنووسیایەو بەپەلە کە گومانی لێدەکرێت ئەم کۆنفرانسەی نەبەستایە.

عەبدولکەریم ئەحمەد، سەرنووسەری رۆژنامەی یەکگرتوو پێیوایە، دەبێت سەندیکا لە دەرەوە چاودێریی کارەکانی حکومەتو رۆژنامەنووسانیش بێت، رۆژنامەنووسانیش قابیلی ئەوەن هەڵە لە کارەکانیاندا رووبدات، بۆیە دەبێت سەندیکا وەک چاودێرێک کاری رۆژنامەنووسانو حکومەتیش هەڵسەنگێنێت. لە یاسای رۆژنامەنووسیدا ئەو بەندانە بۆ هەموو ئەو کەموکوڕییانەی لە دەسەڵاتەوەو رۆژنامەنووسانەوە روودەدەن دیاریکراوەو لە هەموو کاتێکدا سەندیکا دەبێت خۆی لە دەسەڵات بەدوور بگرێت بۆئەوەی تووشی ئیشکالات نەبێت لەگەڵ رۆژنامەنووساندا.

وتیشی؛ بۆ بەرچاوڕوونی ئەوەی لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوو، ئەندامی لقی هەولێری سەندیکا بوو، کە رەنگە جێگەی سەرزەنشت بێت، ئەگەر بابەتەکە لەسەر رۆژنامەنووسانە، بۆچی لق بەشداریی دەکات، دەبوایە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی باڵای سەندیکا بەشداربوونایە، بەشداریکردنی ئەو نوێنەرە لەژێر فشاری حیزبدا بووەو پێیوایە، ئەوە خەلەلێکە لە عەقڵیەتی سەندیکاکانی ئێمەدا، کە حیزب زاڵە بەسەر کاری پیشەییدا، بۆیە ئامادەبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەو کۆنفرانسەدا کارێکی زۆر نەشازە.

بە بڕوای ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانیش، یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا هەیە، کە پێویستە هەموو پابەندبین پێوەی، دەبێت سەندیکا داکۆکی لە رۆژنامەنووسان بکات، بە مەرجێک لە چوارچێوەی یاسای رۆژنامەگەریی دەرنەچێت، ئەو وتی: «ئاگاداری رووداوەکە نیم، بەڵام هەم رۆژنامەنووسیشو لایەنی بەرامبەریش مافی خۆپاراستنیان هەیە، چۆن بەپێی یاسا مافی ئازادیی رادەربڕین پارێزراوە، لەهەمانکاتدا مافی بەرامبەریش دەبێت بپارێزرێتو رۆژنامەش دەتوانێت لە رێگەی یاساییەوە رێگەی دادگا بگرێتەبەر».

# روونکردنەوەیەک لەسەر کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی پارێزگاری هەولێر!

داوا دەکەین لە پەرلەمانو دادگاکانی کوردستان لێکۆڵینەوە لە وتەکانی ئێمەو پارێزگار بکرێت.

ئەگەر پارێزگاری هەولێر دەیەوێت راستییەکان ئاوەژوو نەکاتەوە، با بفەرموێ ژمارەی مۆڵەتی تۆمارکردنی شاری هەولێرمان لای یونسکۆ بۆ بڵاوبکاتەوە!؟

رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٣) پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی، بە یاوەریی نوێنەرێکی یونسکۆو ئەندامێکی سەندیکای رۆژنامەنووسان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان رێکخست بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەواڵەو زانیارییانەی ئێمە لە چەند رۆژی پێشووتر بڵاومانکردبووەوە، کە شاری هەولێر بە شارێکی کلتووریی لای یونسکۆ تۆمارنەکراوەو بازاڕی نیشتمان بێ مۆڵەتی یاسایی بنیادنراوە، لێرەدا تێبینییەکانی خۆمان دەخەینەڕوو بۆ رای گشتیی ناوەوەو دەرەوەی باشووری کوردستان، خوێنەران، چاودێران، پسپۆڕانی تایبەتکار لە بواری شوێنەوارناسی، بۆئەوەی راستیو ناڕاستی لێک جودا بێتەوە، چەواشەکارییەکانی پارێزگاری هەولێریش بۆ هەمووان روونبێتەوە.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین پارێزگاری هەولێرو وەفدە یاوەرەکەی چڕیی وتەکانیان لەسەر یەک خاڵ چڕکردبووەوە کە (یونسکۆ هیچ بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرنەکردووە)، نەوەک قسەکردن لەسەر ئەو زانیارییە مەترسیدارانەی ئێمە دەرمانکردووە، دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێین ئەو بەیاننامەیەی رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٣ بڵاومانکردەوە بەهیچ شێوەیەک ئاماژەمان بەوە نەکردووە، کە رێکخراوی یونسکۆ بەیاننامەی دەرکردووە، ئەگەر لە هەر شوێنێک بەشێوەیەکی دیکە بڵاوکرابێتەوە، ئێمە لێی بەرپرس نین، ئەوەی لە دەقی بەیاننامەکەدا هاتووە، چیرۆکو باسو بابەتی ناو خودی وۆرک شۆپەکەی (١-٢٠٠٩/٦/٢) کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچووە، لەوێدا زیاتر لە (٢٠٠) کەسایەتی ئەکادیمیو شوێنەوارناسی کوردیی، بیانیی ئامادەو بەشداربوون، لەنێویاندا (٦) ئەندامی یونسکۆ بوون، کە لە (٢) وتاریاندا تێبینیو رەخنەی خۆیان لەسەر بە هەڵە مامەڵەکردنی دەسەڵاتی کوردیی پێشکەش بە ئامادەبووان کردووە، کە زۆر دوورە لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی شوێنەوار، بەتایبەت دروستکردنو دامەزراندنی باڵەخانە، تاوەر، ستوونی کارەباو تۆڕی پەیوەندی بەرز، تەنانەت ناشتنی دارو درەختی بەرز لە چواردەوری قەڵا... هەمووی دژ بە یاساکانو پرەنسیپەکانی شوێنەوارەو لادانە لە بنەماکانی پاراستنی شوێنەوار، هاوکات تێبینی ئەوەیان داوە کە بەپێی پێوەری شوێنەوار نابێت لە چواردەوری قەڵا باڵەخانەی لە (٢) نهۆم بڵندتر دروستبکرێت، چەندان فیلمی ڤیدیۆییو وێنەیان پێشاندابوو، کە بەرزیی ئەو باڵەخانانەی دەخستەڕوو، کە زۆر لە نۆرمی نێودەوڵەتی بەرزترە، نموونەش بازاڕی نیشتمان، ئوتێلی تاوەری ئەربیل، تەنانەت لە هەندێک لە وێنەکاندا دیمەنی سەتەلایتی سەربانەکانی خستبووەڕوو، دیارە گرنگینەدان بە گەڕەکە کۆنەکانو پشتگوێخستنیان، بەشێکی دیکەی وتارەکانیان بووە، داوای پاراستنو گرنگیپێدانو خەمخۆرییان کردبوو.

پارێزگاری هەولێرو هەر کەسایەتیو لایەنێکی بەرپرس، ئەگەر گومانێکیان لە راستیو ناڕاستی ئەم زانیارییانە هەیە کە ئاماژەکران، پێشنیاز دەکەین با دەقی باسو بابەتو رووداوەکانی ئەو وۆرک شۆپە راپۆرتو گفتوگۆکان پەخشو بڵاوبکەنەوە.

ئەوسا هەوڵی تۆمارکردنی داواو سکاڵای یاسایی لەسەر ئێمە بدەن، خۆ هێشتا بەشداربووانی ئەوێ رۆژێک لە ژیاندا ماونو دەتوانن ببنە گەواهیدەری راستییەکان، ئەو رۆژەش کە پێویستبوو ئێمە بێینە هەولێر بایی ئەوەندە بەڵگەمان بە دەستەوەیە لێفەی شڕ لەسەر هەتیوان فڕێدەین.

بەپێی زانیارییەکانی لامان، رێکخراوی یونسکۆ شاری هەولێری لە جاری یەکەم وەک شارێکی کلتووریی مێژوویی تۆمارنەکردووە، بەهۆی کەموکوڕیی زۆر، ئەگەر پارێزگاری هەولێر دەیەوێت راستییەکان ئاوەژوو نەکاتەوە، با بفەرموێ ژمارەی مۆڵەتی تۆمارکردنی شاری هەولێرمان لای یونسکۆ بۆ بڵاوبکاتەوە!؟

پارێزگاری بەڕێز ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان لەگەڵ یونسکۆ کاردەکەن، لە راگەیاندنەکەی ئێمەدا نەهاتووە کە یونسکۆ کارتان لەگەڵ نەکات؟

پارێزگاری هەولێر دەڵێت: «دروستکردنی باڵەخانەو دروستکردنی پارکی دەورووبەری قەڵا بۆ ماستەرپلانی پرۆژەی قەڵا خۆیەتیو گونجانە لەگەڵ هەڵکەوتەی قەڵادا». دروست ئەوەی ئەوان باسیدەکەن سەد لە سەد پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەیە کە حکومەت مامەڵەی پێدەکات لەگەڵ قەڵادا، ئەم چەند دێڕەی پارێزگار بۆ شوێنەوارناسان بەجێدەهێڵین، چونکە ئەوان دەزانن ئەو وتانەی پارێزگار چەندە دوورە لە راستیو مەترسیداریشە لە درێژەپێدانی پرۆژەکانی وێرانکردنی شوێنەوارەکانی هەولێر.

ئێمە پەیوەندی راستەوخۆمان بە نووسینگەی یونسکۆ لە خۆرهەڵاتی ناوین کردووە، هەروەها لەگەڵ سەنتەرەکەشیان لە پاریس، روونکردنەوەو زانیاریی وردمان پێداون، داواشیان لێکردووین بە سکاڵانامەو داخوازینامە هاوکارییان بکەین، بەتایبەتی لە پاریس بۆ زیاتر بەدواداچوونی پێویستو رۆژانی داهاتووش گوێبیستی هەواڵ دەبن.

لە کۆتاییشدا داوا لە پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو دادگاکانی کوردستان دەکەین دەقی ئەو زانیارییانەی ئێمە لەگەڵ وتەکانی پارێزگار بکەنە کارنامەی کارکردنتانو بۆئەوەی راستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان بە دیاربکەوێت

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەیاننامەکەی ئێمەو وتەکانی پارێزگار، دەکرێت بڕواننە ئەو لینکانەی خوارەوە:

http://www.chaknews.com/kurdish/news.php?readmore=6199

http://www.xebat.net/article.php?id=25818

**کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکان لە باشووری کوردستان**

**٢٠٠٩/٨/١٩**

shwenawar@yahoo.se
Tel : 0046735366757

ژمــارە (537) پێنجشەممە 2009/8/20
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# ئەفغـــانستـــان، هەڵـــدەبژێـــرێت

شاڵاو فەتاح

ئەمرۆ (١٧)ملیۆن هاوڵاتی ئەفغانی کە مافی دەنگدانیان هەیە، سەرۆکو نوێنەرە هەرێمییەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەمە سێیەمینجارە کە هاوڵاتییانی ئەفغانستان بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن لەدوای لەکارخستنی حوکمی تاڵیبان لە ساڵی (٢٠٠١)دا.

دەنگدانەکە لە (٧٠٠٠) بنکەی دەنگدانی جیاکراوەدا بۆ پیاوو ئافرەت بەڕێوەدەچێتو ماوەی نۆ سەعات دەخایەنێتو ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکانیش پێویستە لە دووی سێپتێمبەردا ئاشکرابکرێنو لە رۆژی دوای هەڵبژاردنەکەوە تا ئەو ماوەیەش کۆمیتەی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان لێکۆڵینەوە لە گشت سکاڵاو تێبینییەکان دەکات. ئەنجامە سەرەتاییەکان لە (٣-٩/١٦)ئاشکرادەکرێنو ئەنجامی کۆتایی بڕیارە لە (٩/١٧)دا رابگەیەنرێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەکرێت.

## کاندیدە سەرەکییەکان

زیاتر لە (٣٠)کاندیدی سەرۆکایەتی هەن، کە لەنێویاندا حەمید کارزای سەرۆکی ئێستای ئەفغانستان هەیە. کاندیدە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکەی ئەفغانستان جگە لە حەمید کارزای سەرۆکی ئێستا، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵای وەزیری دەرەوە، ئەشرەف غانی وەزیری داراییو ئەوەی لەنێو کاندیدەکاندا جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە دوو ژن خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردووە، چەندین کاندیدی دیکەش خۆیان بۆ هەمان پۆست هەڵبژاردووە، کە بریتین لە پرۆ-تاڵیبانییەکانو (دۆست یان لایەنگری تاڵیبان)و پرۆ-جیهادییەکانن.

هەر سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بڕیارە ماوەی پێنج ساڵ سەرۆکایەتی ئەفغانستان بکاتو تەنیا دووجاریش بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوەو بۆ بردنەوەی دەنگەکانیش سەرۆک پێویستی بە زیاتر لە (٥٠+١٪)ی دەنگەکان هەیە، ئەگەر هیچ یەکێک لە کاندیدەکان نەیانتوانی ئەو رێژەیە بەدەستبهێنن، ئەوا خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان لە ماوەی دوو هەفتەدا دەستپێدەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکە.

سێ مەرجی سەرەکی هەن بۆ هەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی، هاوڵاتی ئەفغانستان بێتو لەخێزانێکی (دایکو باوک) ئەفغانی بێت، ئایینی موسڵمان بێتو تەمەنی لە (٤٠)ساڵ کەمتر نەبێت.

عەزیزوڵڵا لودین، سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژاردنەکان سکاڵا لە دژی کوالیتیو شیاوی چەند کاندیدێک دەکاتو پێیوایە، لەگەڵ یاساکانی کۆمیتە تەبا نین بۆ خۆهەڵبژاردنو یاساکان لەلایەن پەرلەمانەوە کاریان پێنەکراوە. لودین پێیوابوو، دوو کاندیدی سەرۆکایەتیو (٥٤)کاندیدی ئەنجومەنی هەرێمی شیاوی خۆهەڵبژاردن نین، چونکە تۆمەتبارن بە تاوانی جەنگو بوونی پەیوەندی لەگەڵ گروپە یاخییەکاندا.

رێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا چاودێرانی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکە ناردووەو زیاتر لە (٦٧)چاودێر لە (٢٥)وڵاتی جیاوازەوە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە چوونەتە ئەفغانستانو پەنجا چاودێری دیکەش لە رۆژی دەنگداندا تۆماردەکرێن کە چاودێریی (٣٤)هەرێمی جیاواز دەکەن.

## مۆتەکەی ئاسایش

هەڵبژاردنەکەی ئەفغانستان چەند مانگێک دواخرا لەبەر هۆکاری ئەمنیی، تاڵیبان هەڕەشەی تێکوپێکدانی هەڵبژاردنەکەی دەکردو بە ئەفغانییەکانی رادەگەیاند، کە نەچن بۆ هەڵبژاردن، ئێستاش ترسی ئەوە هەیە کە نائارامیی باری ئەمنیی ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەران، بەتایبەت ژنان.

ترسێکی دیکە نەگەیشتنی چاودێرانی نێودەوڵەتییە بە بنکەکانی دەنگدان بەهۆی نائارامیی باری ئەمنییەوە، هەرچەندە پۆلیسو سوپای نیشتمانیی ئەفغانستان لە رۆژی دەنگداندا کاردەکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتییان. لە (٧٠٠٠)بنکەی دەنگداندا، گومانی نائارامییو تێکچوونی ئاسایش لە (٧٠٠)بنکە دەکرێتو دەتوانرێت بوترێت کە هەموو ئەو بنکانەی مەترسی بوونی نائارامییان لێدەکرێت لەو ناوچانەدان کە بە رەگەز پەشتوونن.

## میدیا بێلایەنە

میدیای ئەفغانستان رۆڵێکی بێلایەنی هەیە، تەنیا تەلەفزیۆنی حکومیی ئەفغانستان تۆمەتبار دەکرێت بە پڕوپاگەندە بۆ حەمید کارزای، بەڵام بەرپرسانی حکومیی ئەمە رەتدەکەنەوە.

لە بەرامبەر ترسی تەقینەوەو تێکچوونی ئاسایشدا، ناتۆ (٣٠٠,٠٠٠) سەرباز بۆ پاراستنی هەڵبژاردنەکە تەرخاندەکاتو ئەمەش لەدوای راگەیاندنی تاڵیبان بۆ تێکدانی بارودۆخی هەڵبژاردنەکانەوە دێت. وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەفغانستان وتی، هێزەکانمان لە بنکەکانی دەنگداندا دەبن بۆ پاراستنی ئاسایش.

## ٣٠٠٠ گوێدرێژ بەشداردەبن

ئەفغانستان وڵاتێکی شاخاوییەو گواستنەوە لە چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتەدا زۆر زەحمەتو دژوارە، بەجۆرێک کە ناتوانرێت بەهیچ جۆرێک ئۆتۆمبێل لەو شوێنانەدا بەکاربهێنرێت، هەر بەم هۆیەوە زیاتر لە (٣٠٠٠)گوێدرێژ کۆکراونەتەوە بۆ گواستنەوەی سندوقەکانی ئەو ناوچانەی ئۆتۆمبێلیان بۆ ناچێت، بەتایبەت ناوچەی لادێو دوورەدەستەکان. گوێدرێژەکان لەلایەن منداڵانەوە رێنمایی دەکرێن، کاتێک ئاژانسی فرانس پرێس پرسیاری ئەوەی لە منداڵێکی (١٢)ساڵ کرد، بۆچی سندوقی پلاستیکتان لەسەر پشتی گوێدرێژەکان داناوە، وتی، بۆ هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی پاشا. جگە لە گوێدرێژ هەلیکۆپتەریش بەکاردێت بۆ گواستنەوەی بڕێکی زۆر سندوق بۆ ئەو شوێنانەی کە رێگای ئۆتۆمبێلیان نییە.

عەلی ئەحمەد، مامۆستایەکی (٥٥)ساڵە لە گوندی قۆڵاندەر کە سێ سەعات لە بابەعەلییەوە دوورە، وتی، کە دەنگدەدات لە بەرژەوەندیی خەڵکو وڵاتەکەی، «ژیانمان ئێجگار قورسە، وەک دەبینیت رێگای گواستنەوەمان نییە، شتومەکی هەڵبژاردن بە گوێدرێژ دەگوازینەوە، خوێندنگەمان نییە، خەڵکەکەمان بێ ئیشنو هیچ شتێکمان نییە، تەنیا دەنگدەدەینە داهاتوویەکی باشتر، لەبەرژەوەندیی خەڵکو وڵاتەکەمان».

**زانیارییەکانی ناو ئەم راپۆرتە لە سایتەکانی بی.بی.سی، ئەی.ئێف. پیو تایمز ئۆنلاینەوە وەرگیراون.**




٣ هەزار گوێدرێژ سندوقەکانی دەنگدان دەگوێزنەوە — فۆتۆ: رۆیتەرز

## کوردو هاوڕێیەتینەکردنی خۆپیشاندانەکان لە ئێران

هیوا عەلی

رووداوەکانی دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی خولی دەیەمی سەرۆک-کۆماری لە ئێرانو خۆپیشاندانی جەماوەریی لە شارە گەورەکانی وەک تارانو ئەسفەهانو... هتد، لێکەوتەوە، بە خوێندنەوەیەکی وردو زانستیانە دەکرێت وەڵام بەم بابەتانە بدرێتەوە. هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی کوردی ئێران لەو بزووتنەوە جەماوەرییەی کە هەنووکەش بەردەوامە، یەکێک لەو بابەتە سەرنجڕاکێشو سەرسوڕهێنەرانەیەو سەرنجڕاکێشبوونی بابەتەکە لەوەدایە، کە هەموو مێژووی سیاسیی کوردی ئێران لە سێ دەیە دەسەڵاتداری حکومەتی ئێرانی، هەڵچوونو بەرەنگاربوونەوەو رەفتاری بە کۆمەڵ لە فۆرمی بزووتنەوەیەکی بەهێزی سیاسییو کۆمەڵایەتی بووە.

گرنگترین هۆکاری بێدەنگبوونی بزووتنەوەی کوردستانو هاوڕێیەتینەکردنی بزووتنەوەی سەرتاسەریی، نەبوونی متمانە بە باڵی ریفۆرمخوازی حکومەتیو ترس لە دەرئەنجامەکانی ئەم بزووتنەوەیە. راستە کە خۆپیشاندەرانی شارە گەورەکانو کردە بە کۆمەڵەکانیان، سنووری داواکارییە جەوهەرییەکانی باڵی ریفۆرمخوازی حکومەتی بەزاندووەو چەشنێک لە رادیکاڵیزم لە دروشمو داواکارییەکانیاندا بینراوەو دەبینرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هەنووکەش رێبەرانی ئەم باڵە بەکردەوە رێبەری ئەم بزووتنەوەیە دەکەنو تێگەیشتن لەم راستییە دەتوانێت گرنگترین هۆکاری بەشدارینەکردنی کوردو پشتیوانینەکردنی ئەوان بەدەستەوەبدات. مێژووی هەڵسوکەوتو مامەڵەکردنی دەسەڵاتی ریفورمخوازانی ئێرانی لەگەڵ رووداوەکانی کوردستان، مێژوویەکی تاڵەو خەڵکی کوردستان نایانەوێت هەزینەی قورسی ئایندەیەکی نادیار بدەن، هەروەها تەنیا مانەوەی خەباتی سی ساڵەی کوردی ئێرانو مەشروع نەبوونی خەباتی ئەوان لە روانگەی تاکەکانی شوێنەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانی، کاریگەریی لەسەر سایکۆلۆژیای کورد داناوەو دەکرێت ئەم بێدەنگییە کاردانەوەی چەشنێک لە هەستی تۆڵەکردنەوە بێت.

هۆکارێکی دیکە، مەسەلەی شێوازی رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەگەڵ راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەگەر لە شارە گەورەکانی ئێران باتۆمو گازی فرمێسک رژێن، باوترین ئامراز بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەرانە، ئەوا لە کوردستاندا هەر جوڵەیەکی بچووک دەتوانێت هەڵگری توندترین پەرچەکرداری دەسەڵات بێت، بێگومان ئەم بابەتە دەتوانێت خەسارێکی گەورەی مرۆیی بخولقێنێتو بۆ ئەم هۆکارەش باگراوندێکی مێژوویی بەهێزبوونی هەیە.

خاڵێکی دیکە، نەبوونی کۆدەنگی ئۆپۆزسیۆنی کوردی خۆرهەڵات وەک فاکتەرێکی بەهێزی زەینی لەسەر رووداوەکانە. ئۆپۆزسیۆنی کوردی خۆرهەڵات سەرەڕای هەموو کێشەو گرفتەکان، ئێستاکەش وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی سیاسیی لە کوردستاندا دەوردەنوێننو هەڵوێستی سیاسی جیاجیا لەسەر ئەم بابەتە، خەڵکی کوردستانی بە کردەوە بەرەو چەشنێک لە پەسیڤبوون لەهەمبەر ئەم بابەتە بردو ئەم مەسەلەیەش بە نۆبەی خۆی کاریگەریی دانا.

ئەگەرچی بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئەندام لە دیاسپۆڕای ئێرانی، بەشداریی لە خۆپیشاندانو کۆبوونەوەکانی دەرەوەی ئێرانیدان کردووەو دەکەن، کەچی ئەم بەشداریکردنە نەیتوانیوە کە هاوکێشەکان بگۆڕێتو هێشتاکەش کوردستان لە بێدەنگبوونێکی رێژەییدا بەسەردەبات. زۆربەی شارەزایانی سیاسیی لەو بڕوایەدان کە بەردەوامبوونی ئەم بێدەنگییەو ئەگەری کەوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجامی بزووتنەوەی هەنووکەیی ئێران، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردو داخوازییە تایبەتییەکانی ئەم نەتەوەیە لە ئێرانی داهاتوودا دابنێت.

# پەرلەمانی نوێ دەتوانێت دەستوور هەمواربکاتەوە

ستارە عارف


فۆتۆ: AP

شارەزایانی بواری دەستووریی پێیانوایە، پەرلەمانی نوێ بە گەڕانەوە بۆ رای خەڵکو پێداچوونەوە بە یاداشتو تێبینییەکانیاندا، بۆیان هەیە دەستکاریی دەستوور بکەنو هەمواریشی بکەنەوە.

بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی یاسای هەمواری یەکەمی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانو یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)، پرۆژەی دەستوور دەخرێتە بەر راپرسیی گشتییو دوای پەسەندکردنی لە پەرلەماندا لانیکەم بە رەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە، بەوپێیەش پەرلەمانی نوێ بۆی هەیە دەستووری هەرێم هەمواربکاتەوە.

رۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٢)و لە بیستەمین خولی دانیشتنی خۆیدا پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستان سەبارەت بە یاسای چۆنێتی بڕیاردان لەسەر پرۆژە یاسای دەستووری هەرێمی کوردستان کۆبووەوەو رۆژی دواتریش بڕیار لەسەر دەستوورەکە دراو سەرەتای مانگی (٧)یش بە فشاری دەنگە ناڕازییەکانی ناوخۆییو دەرەکی دەستوورەکە راگیراو راپرسیکردن لەسەری دواخرا.

زانا رەئـوف حەمە کەریم، مامۆستای یاسای دەستووریی لە زانکۆی سلێمانیو کاندیدی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، پەرلەمانی کوردستان لە وادەی تەواوبوونی خۆیدا دەنگی لەسەر دەستوور داوە، «ئێمە بە هەموو شێوەیەک ئەو کارە بە نەشیاو دەزانینو تاکە لایەن کە جارێکی دیکە پێداچوونەوە لەسەر پرۆژەیاسای دەستوور بکات، وەرگرتنی رای خەڵکە، ئینجا دەنگدان لەسەری، ئاماژەی بەوەشکرد وەک لیستی گۆڕان دەستوورەکە بە پوچەڵ لەقەڵەمدەدەین، دەبێت پەرلەمان پێداچوونەوە بە دەستووردا بکاتەوەو جارێکی دیکە رای خەڵک وەربگرێتەوەو بگەڕێین بزانین ئەو هەزارەها یاداشتەی بۆ دەستوور لەلایەن خەڵکەوە پێشکەشکراوە پەرلەمان چی لێکردووە، واتە کۆڕو کۆبوونەوەی لەسەربکرێتو رای خەڵک وەربگیرێتەوە، ئەو کاتە بخرێتە راپرسیی خەڵکەوەو دەنگی لەسەر بدرێت».

لەلای خۆیەوە د.نوری تاڵەبانی پسپۆڕی یاساییو ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراوە کە چۆن دەستکاریی پرۆژە دەستوورەکە بکرێت، بەپێی ئەو یاسایە پێویستە (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە دەستوورەکە پەسەندبکەن، رۆژی (٦/٢٤) پرۆژە دەستوورەکە بە دەنگی زیاتر لە (٣/٢) ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکراو (٩٦) ئەندام دەنگیان بۆدا «تەنیا دەنگێک نەبێت کە دەنگی من بوو»، کەواتە بەپێی ئەو یاسایە کە پەسەندکراوە، دەکرێت بەهەمانشێوەش دەستکاریی بکرێت ئەگەر (٣/٢) دوو لەسەر سێ ئەندامانی پەرلەمان داوای دەستکاریی پرۆژەی دەستووربکەن، کە مافی خۆیانە.

د.نوری تاڵەبانی وتیشی: «ئەگەر پەرلەمانی داهاتوو نەتوانێت دەستکاریی دەستوور بکات، واتە پەسەندکراوە، پێیوایە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو یاسایەی کە پرۆژە دەستوورەکەی پێ پەسەندکراوە، چونکە هەموو یاسایەک بەو شێوەیەی کە پەسەندکراوە، دەکرێت بەهەمانشێوەش دەستکاریی بکرێت، ئەگەر (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی نوێ داوای دەستکاریی پرۆژە دەستوورەکە بکەن، ئەوا پرۆژەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمانو لیژنەیەکی نوێ دروستدەکرێت، بۆ پێداچوونەوە بە دەستووردا، پێویستە دوای هەموارکردنیشی دووبارە (٣/٢) ئەندامان دەنگی پێبدەن ئنجا دەخرێتە بەردەم خەڵک بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

بە بڕوای مەولود باوە مراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، پەرلەمانی ئایندە مافی دەستکاریکردنی دەستووری هەیەو دەڵێت «هەندێک پێیانوایە کە پەرلەمان بڕیاری یەکلاییکەرەوەی لەسەر دەستووردداوەوتەنیاراپرسی راگیراوەو هەموارکردنیشی تەواوبووەو پەرلەمانی ئایندە دەتوانێت دەستوور بخاتە گفتوگۆوەو هەمواریبکاتەوە، بۆیە دەبێت پەرلەمانی داهاتوو کار بۆ هەموارکردنی دەستوور بکات، تەنیا دەنگ بۆ تێپەڕاندن یان تێنەپەڕاندنی دەستوور نەدات، دەنگدان بێت بۆ هەموارکردنەوەی ئەو بڕگەو مادانەی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانو خەڵک بەدڵیان نییە».

بەپێی یاسا دەبێت بە ریفراندۆمێک لەڕێگەی راپرسیی خەڵکیەوە بڕیار لەسەر پرۆژە دەستوورەکە بدرێت، پەرلەمان دەتوانێت لیژنەیەک دروستبکات، یان هەمان لیژنە دەستکاریی بڕگەو مادەکانی دەستوور بکەنەوە، بەڵام بەپێی یاسا پێویستە (٣/١)ی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازی بکەنو (٣/٢)ی ئەندامان لەسەر هەموارکردنەوەی رێکبکەون، ئەو کاتە دەکەوێتە راپرسییەوە، ئەوەش بە بۆچوونی دلێر محەمەد شەریف ئەندامی لیژنەی یاساییو دەستووریی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانە کە پێیوایە، «هەرچەندە تائێستا پرۆژە دەستوورەکە سەقامگیری یاسایی وەرنەگرتووە، چونکە ریفراندۆمی لەسەر نەکراوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر پێویست بکات دەستوور دەرفەتی هەموارو دەستکاریکردنی تێدایە، بۆیە ئەگەر ئەندامان پێشنیازیان هەبێت، توانای دەستکاریکردنی دەستووریان هەیە».

# پردی دیالۆگی ئەردۆغان بەرەو کوردەکان

تۆماس فوستەر



حکومەتی تورکیا پلانی هەیە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەستپێشخەرییەک لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکات. لەم میانەدا، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بۆ یەکەمجار لەگەڵ نوێنەرانی پارتی کوردی دەتەپە کۆبووەوە. ئۆپۆزسیۆن، ناوبراو بە بەڵێنشکێن ناوزەد دەکەن.

حکومەتی تورکیا لە سیاسەتی کێشەی کوردیدا جوڵا، لێپرسراو و داهێنەری ئەم دەسپێشخەریو پلانە، عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لەساڵی (١٩٩٩)ەوە دانیشتووی زیندانیی تاکەکەسیی نییە، وەک بڵاوکراوەتەوە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی قەدەغەکراویش، لە یادی بیستوپێنجەمین ساڵەی یەکەمین چالاکیی چەکداریی پارتەکەیدا (نەخشەیەکی رێگا)ی هەیە، واپێدەچێت ئەمە بتوانێت کۆتایی بە ململانێ درێژەکە بێنێت، کە لەساڵی (١٩٨٤)ەوە بەردەوامەو نزیکەی (٤٠) هەزار کەس تێیدا بوونەتە قوربانیی، بۆ حکومەت ئۆجەلانو پارتی کرێکاران وەک لایەنێکی گفتوگۆ (مفاوەزات) جێگەی قبووڵکردن نییە، بەڵام دیارە جێگەی مشتومڕ نییە، کە هەر دەشبێت ئەو لایەنە لە سەرچاوەکەی ئەوانەوە ئاوی خواردبێتەوە، ئینجا هەرچۆنێک بێتو ببینرێت، چونکە پلانەکەی ئۆجەلان حکومەت دەخاتە ژێر فشارەوە، بۆیە حکومەت دەیەوێت بە هەرجۆرێک بێت پێشگیرییەک لەوە بکاتو دەسپێشخەرییەکە بۆ خۆی بەرێت.

## بازدان بەسەر سێبەرەکەدا

ئەوەی کە چارەسەرییەکە تەنیا بە پەیوەستبوونی نوێنەرانی سیاسیی دانیشتووانی کوردەکانەوە سەربگرێت، مەزەندە دەکرێت. ئەردۆغان بازێکی بەسەر سێبەرەکەی خۆیدا داو بۆ یەکەمجار لەگەڵ سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە)دا کۆبووەوەو گفتوگۆی لەگەڵیدا کرد، کەوا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٧)ەوە وەک تەنیا پارتێکی کوردی نوێنەرانی خۆی گەیاندە ناو پەرلەمانی ئەو وڵاتە، هەرچەندە هاوکات ئەردۆغان رایگەیاند، کە ئەو تەنیا وەک سەرۆکی پارتەکەی ئەو گفتوگۆیە ئەنجامدەدات، نەک وەک سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، کە بەستەڵەکی نێوان حکومەتو گرنگترین پارتی کوردیدا دەتوێتەوە، تائێستا ئەردۆغان هەرجۆرە دانیشتنێکی لەگەڵ نوێنەرانی دەتەپەدا رەتدەکردەوە، ئەمەش چونکە دەتەپە رازیی نەبوو کە پارتی کرێکاران وەک رێکخراوێکی تیرۆریست ناوزەد بکات.

وەرچەرخانێکی ئاوای ئەنقەرە لە سیاسەتی کوردیدا ساڵانێکە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە داوای لێدەکرێت، ماوەیەکی کەمە کە ئاماژەکان بەدیار دەکەون، بەمجۆرە لە مانگی پێنجدا سەرۆک کۆمار، عەبدوڵڵا گویل، لەبارەی هەلێکی مێژوویی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە دوا، هەروەها سوپا سالاری تورکیا (باشبیوغ) ئاماژەی بە کێشەی کورد کردو وتی: «تاقیکردنەوەیەکە بۆ مۆدرێرنەکردنی تورکیا»، ئەم دەربڕینە، بەتایبەت کە لە دەمی بەرزترین نوێنەری سوپاوە تا ساڵانێکی کەم بە خەیاڵیشدا نەدەهات. دواجار پێش دوو هەفتە ئەردۆغانیش پشتڕاستیکردەوە، کە پلانی هەیە بۆ ئەوەی حکومەت لە دەسپێشخەرییەکدا کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەم دەسپێشخەرییە دەبێتەهۆی (بە دیموکراسیکردنێکی بەهێز) بۆ گەورەترین کەمینەی ئەتنی لە سەرتاسەری تورکیادا، کە مەزەندە دەکرێت (١٤) ملیۆن کەس ببن.

ناوەڕۆکی پلانەکەی حکومەت جارێ بە نا روونی ماوەتەوە، لە وتاری رۆژنامە تورکییەکاندا لەسەر ئەگەری ریفۆرم قسەوباسی جۆراوجۆر دەکرێت، هەر لە چاوەڕوانی زیادکردنی مافە کلتوورییەکان، تا ئاسانکاریی زۆرتر لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا، کەوا تا سەرەتای نەوەدەکاندا لە تورکیادا قەدەغەبوو، هەر بۆ نموونە ئیتر رێگە بەو گوندو شارانەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا دەدرێت، کە کوردەکان زۆربەی دانیشتووانی پێکدەهێنن، تا ناوە کۆنە کوردییەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەگەری ئەوەش چاوەڕواندەکرێت، کە هانی چەکدارە یاخییەکان (شۆڕشگێڕەکان) بدات، بۆ جوڵاندنیان بەرەو کۆتاییهێنان بە شێوازی خەباتەکەیان. لێرەش وەک ئەوەی دەتەپە داوایکرد، کە لێبووردنێکی گشتیی بۆ لایەنگرانی pkk دەربچێت، ئەمەیان واقیعیی نابینرێت، لەسەر ئەمەیان دەبێت خۆیان تۆزێک بگۆڕن، کە ئەو ئاگربەستە یەکلایەنییەی کە ماوەیەک لەمەوبەر تا سێپتەمبەر درێژیانکردەوە بەردەوام بێتو چیتر لەسەر کەڵکەڵەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد نەمێننەوە.

حکومەتی ئەردۆغانی ئیسلامیی (کۆنەپارێز) بەم دەستپێشخەرییەی لەسەر لێواری خەرەندێک هەنگاو دەنێت، لە راستیشدا ئەم لەنێو کێشەی کورددداو هەروەهاش لەنێو دەزگای کەمالیستەکاندا کەم پشتیوانیو تێگەیشتنیان بۆی هەیە، بەڵام رێی تێدەچێت کە ئەگەری گۆڕینێکی لەسەرخۆ لە بیروڕایانو جێبەجێکردنی پلانەکەی هەبێت، وەک ئەوەی خەریکە دەسەڵاتدارانی میانڕەوی سوپا لەمبارەوە بێنە قسە، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا زۆر لە سیاسییە ناسیۆنالیستەکان مەسەلەی نزیکبوونەوە لە کوردەکان لایان یەکسانە بە ناپاکیی لە بیری ئەتاتورک لە وڵاتێکی ناسیۆنالیستی فرە زمانو کلتووردا.

تەنانەت دەتەپەش کەوا بە تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ pkkدا رووبەڕووی سکاڵا بۆ یاساغکردنو داخستنی بووەتەوە، وەک لایەنێکی گفتوگۆکەر لەم ئاقارەدا جێگەی مشتومڕە. ئۆپۆزسیۆنەکانی وەک (پارتی گەلی کۆمارییو نەتەوەییە راسترەوەکانی مەهەپە)، لەم بارەیەوە ئەردۆغان بە کەسێکی بەڵێنشکێن وەسفدەکەن، بەمشێوەیە سەرۆکی حکومەت بە پردێکی دیالۆگ بەرەو دەتەپە بەڵێنی خۆی شکاند، کە وتبووی هیچ جارێک لەگەڵ ئەو لایەنە گفتوگۆ ناکات کە تیرۆریستەکانی pkk بە راشکاوانە مەحکوم نەکات.

و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

**بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر: نزیکەی (١٠٠) هەزار تەن لە جوتیاران وەرگیراوە**

# هەرێم، گەنمی خۆی دەکات بە ئارد

ئارام شێخ وەسانی

**سالآنەلەگەڵهاتنیوەرزیدروێنەدا کێشەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی جوتیاران سەرهەڵدەداتەوەو زۆرێک لە خاوەن بەرهەمەکانیش نیگەرانی لـەوەی کە وەک پێویست حکومەت نەیتوانیوە بازارێک بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان بدۆزێتەوە**

## خراپیی بەرهەم‌و بێ پارەیی جوتیار

کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە کەرتە فەرامۆشکراوەکان‌و حکومەتی هەرێمیش وەک پێویست کـاری نـەکـردووە بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە، لە ماوەی کابینەی رابـردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی درێژخایەنی بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە خستەڕوو، ئەگەرچی پلانەکە درێژخایەنە، بەڵام بەشێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەو پلانە دەستپێکردووە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی جوتیاران لە ماوەی ساڵانی رابردوودا نەبوونی بازارێکە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بەڵام ئەمساڵ حکومەت بە شێوەیەکی فەرمی دانەوێڵەی لە جوتیاران کڕییەوە، ئەمەش لە چەند لایەنێکەوە جێگەی دڵخۆشی جوتیارانە لە چەند لایەنێکیشەوە جێگەی نیگەرانی جوتیاران بوو.

ئەحمەد حاجی عەبدوڵڵا، جوتیارێکی دەشتی هەولێر باسی لەوە کرد، کە ئەو گەنم‌و جۆیەی ئەم ساڵ هەیبووە داویەتی بە سایلۆی هەولێر، بەڵام نرخەکەی بەلاوە گونجاو نەبووەو دەڵێت: «من زۆرینەی ساڵەکان زەوییەکانی خـۆم کـردووە بە گەنم‌و جۆ، رەنجی زۆرم کێشاوە کاتێک دوای ئەو هەموو ماندوبوونە بەرهەمەکەم نـەفـرۆشـراوە، ساڵی وا هەبووە بە هـۆی مـانـەوەوە زۆربـەی گەنمەکە خراپ بووە، ساڵی واش هەبووە بە نرخێکی ئەوەندە هەرزانم فرۆشتووە، کە خەرجییەکەی دەرنەهێناوەتەوە، بـەڵام ئەمساڵ کە حکومەت بڕیاری کڕینەوەی دا ئەوا گەنم‌و جۆکەم برد بۆ سایلۆی هەولێر، کارێکی زۆر باشە ئەگەر حکومەت گەرەنتی کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران بدات، ئەگەر جوتیار دڵنیا بێت بەرهەمەکەی دەفرۆشرێت، ئەوا بێگومان زۆر گرنگی بە بەرهەمەکە دەدات‌و خەرجیی باشی لێدەکات‌و پەیینی باش‌و پێویستی بۆ دەکرێت، ئەگەرچی ئەمساڵ وەک پێویست نرخەکە گونجاو نەبوو، ئەگەر نرخەکە گونجاو بوایە جوتیاران ساڵی داهاتوو زۆر زیاتر گرنگییان بە بەروبوومی گەنم‌و جۆ دەدا».

بەپێی توێژینەوە ئابوورییەکان‌و بۆچوونی ئابووریناسان، یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵ گرنگیدانە بە بەرهەمە ناوخۆییەکان لەلایەن دەسـەڵاتـەوە، کڕینەوەی بەرهەمە ناوخۆییەکان‌و بەکارهێنانەوەیان لە کارگەو دروستکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان‌و پێداویستییە تایبەتەکان.

ئابووریناس ئیسماعیل مەجید، پێیوایە هەتا حکومەت پلانی بنەڕەتی نەبێت بۆ کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران، ئەوا پلانی کشتوکاڵ سەرکەوتوو نابێت لە هەموو دنیادا جوتیار دڵنیایی هەیە، لە کوردستاندا تائێستا ئەو دڵنیاییە دروست نەبووە، کە جوتیار بەبێ بیرکردنەوە لە فرۆشتنی بەرهەمەکەی خزمەتی بەرهەمەکەی بکات بە شێوەیەکی باش، بۆ ئەمساڵ کە گەنم کـڕدراوەتـەوە لە جوتیاران هەنگاوێکی سەرەتایی باشە، بەڵام ئەگەر ئەو بابەتە بکرێتە گەرەنتی‌و پێداویستییەکانی جوتیار دابینبکرێـت، وەک پەیین‌و ئامێر ئـەوا جوتیار دەکرێت باشترو سەرکەوتووتر بێت لە بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەدا.

دوای ئەوەی بە بڕیاری حکومەتی عێراق، بڕیاردرا کە گەنم لە جوتیاران بکڕدرێتەوە لە هەرێمی کوردستانیش ئەو بڕیارە جێبەجێکرا، لە (٦/١) وەرگرتنی گەنم دەستی پێکردوو لە (٨/١) کۆتاییهات، لە هەرێمی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک‌و مەخمور رێژەیەکی زۆری گەنم لە هاوڵاتییان وەرگیراوە.

فارس مەجید، بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێرو کۆمپانیای دانەوێڵەی هەولێر وتی: ئێمە لە سایلۆی هەولێر لە ماوەی دوو مانگدا دەرگـامـان بۆ جوتیاران واڵاکـردووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بهێنن، لە سایلۆی هەولێرو مەخمور تائێستا (٨٦) هەزارو (٦٨٥) تەن‌و (٥٦٠) کیلۆ گەنم‌و جۆ لە جوتیاران وەرگیراوە، تەنیا لە سایلۆی هەولێر (٢٠) هەزارو (٥٧١) تەن‌و (٩٠٠) کیلۆ وەرگیراوە، لە مەخموریش بە تەنیا (٦٦) هەزارو (١١٣) تەن‌و (٦٦) کیلۆ وەرگیراوە».

سەبارەت بە پێدانی پارە بە جوتیاران ئەندازیار فارس مەجید وتیشی: «ئێمە ئێستا دەستمان کردووە بە دابەشکردنی پـارە بەسـەر جوتیارانداو پرۆسەکە بـەردەوامـە». لە ساڵی رابـردوودا بە هۆی وشکەساڵییەوە رێژەی دانەوێڵە کەمبووەو جۆرەکەشی خراپ بووە، بەڵام ئەمساڵ رێژەکەو جۆرەکەی باشترە، بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە گەنم‌و جۆی ئەمساڵ باشەو دەتوانن لە ناوخۆدا سوودی لێ وەربگرن، ئەگەر تێکەڵ بکرێت بە هەندێک گەنمی هاوردە، بەتایبەت بۆ دروستکردنی ئارد، هۆکاریش ئەوەیە ئەمساڵ تارادەیەکی باش باران هەبووەو وشکەساڵی نەبوو، بەتایبەت لە سنووری سلێمانی کێشەی وشکەساڵیی هەرنەبوو.

**بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دانەوێڵەی هەولێر:**
**گەنمی ئەمساڵ جۆرەکەی باشە**

**جوتیارێک: ئەگەر بەرهەممان بفرۆشرێ، کێشەی خراپیی بەرهەممان نابێـت**



ڕۆژنامە **کۆمێنت**

# بۆ بەڕێز/ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پێشەکی جێگەی رێزو پێزانینە، کە جەنابتان شار بەشارو فەرمانگە بە فەرمانگە دەگەڕێن‌و لە نزیکەوە گوێ لە لێپرسراوان‌و فەرمانبەران‌و جەماوەر دەگرن بۆ باشتر بەرەو پێشچوونی کارو پرۆژەکان، هەرچەندە ئەم کارە پیرۆزە ئەرکێکی قورسە لەسەر حکومەت، چونکە پێویستی بە وەعـدو بەڵێنی زۆرەو بودجەی پێویستیشی دەوێت، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێت لێرەدا بیخەمە بەرچاوی جەنابتان ئەوەیە، کە دەبێت زۆر بەوردی لە داواکارییەکان‌و پێشنیازەکانی بەرپرسان‌و خەڵکیی بکۆڵنەوە، چونکە لـەو داواکـاریـی‌و پێشنیازانە کە پێشکەش دەکرێن بەشێکی زۆری تایبەتی‌و شەخسین، بۆ نموونە لەم چەند رۆژانەی پێشوو لە سەردانێکی جەنابتان بۆ کارەبای گشتیی سلێمانی، یەکێک لەو پێشنیازانەی کە بە ئاشکرا دیار بوو شەخسین ئەویش ئەوەیە، کە نابێت پرۆژەی کارەبا بدرێت بەو کۆمپانیانەی کە غەیری ئیختساسی کارەبان، لە کاتێکدا چەندین کۆمپانیا هەن لە بوارە جیاجیاکاندا هەستاون بە جێبەجێکردنی پرۆژەی کارەباو زۆر باشتر لەو کۆمپانیانەی کە تایبەتن بە کارەبا! (هی لێپرسراون)، بەڵام بەداخەوە زۆربـەی لێپرسراوان‌و ئەندازیارانی باڵای کارەباو زۆرێک لە فەرمانگەکان کۆمپانیایان هەیە یان کار لە کۆمپانیا دەکـەن، بۆیە ناچار دەبـن لـەم جۆرە پێشنیازانە پێشکەش بە جەنابتان بکەن.

بۆیە داواکـــارم لە جەنابتان بە ئاگاییەوە فەرمان دەربکەن لەم جۆرە فێڵانە، بـەرەو سەرکەوتن لە هەموو کارەکانت.

**لەگەڵ رێزدا**
**بەلێندەرێک**

# بانگەوازێک لە مونتەدای ئابووری کوردستانەوە

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)، خەڵکی کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی تۆمار کرد، کە گرنگییەکەی لە راپەڕینی (١٩٩١)ی کوردستان کەمتر نییە، ئەمیان دروستکردنی بڕیاری کوردستانی گێڕایەوە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەویان کە (بڕیار وایە) دابڕان لە مێژووی پێش خۆی دروست بکات کە تیایدا سیستمی سیاسیی‌و ئابووریی کوردستان بگوازێتەوە بۆ دامەزراوەیی‌و سەروەریی یاساو رزگارکردنی کوردستان لە پاشاگەردانی بە مانای فراوان، لە رێگەی لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا. ئاشکرایە کە گەورەترین کێشەی کوردستان ئابوورییە، تەنانەت کێشە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانیش لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئابووریی کوردستان لە (١٩٩١)وە لە قەیراندایەو لەگەڵ گەورەبوونی سامانی کوردستانیش قەیرانەکان بە ئاسۆیی‌و ستوونی گەورەترو ئاڵۆزتر دەبن لە ئەنجامی پەراوێزخستنی عەقڵە ئەکادیمیی‌و زانستییە ئابوورییەکانی کوردستان لە جومگەکانی بڕیار دروستکردنداو کردنیان بە پاشکۆی سیاسەت. ئەگەر ئەم واقیعە نەخوازراوە، پێش هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز، پاساوی پاشاگەردانی کوردستانی هەبووبێ، ئەوا خەڵکی کوردستان ئیستیفتای (نا)ی کرد بۆ بە حیزبیکردنی ژیانی تاکو کۆمەڵگەو سپاردنیان بە قەدەری زەمانە، (نا)ی کرد بۆ پاشاگەردانی کوردستان، بەڵام پاش بڵاوکردنەوەی ناوەی کاندیدەکانی پەرلەمان لەلایەن دەزگـای بـاڵای هەڵبژاردنەکانەوە، جارێکی دیکە عەقڵی ئابووری خرایەوە پەراوێزو هەروەکو جاران سیاسەت لە جیاتی هەموو عەقڵەکان بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات لە هەموو لیستەکاندا بە ئۆپۆزسیۆنیشەوەو تەنیا لە پاش قەیران‌و تێکشکان ئاوڕ دەدەنەوە لە عەقڵە ئەکادیمیی‌و زانستییەکان، ئەمەش ئەو واقیعە کارەسات هێنەیە کە نەک هەر سیستمی بە حیزبیکراو دووبارەی دەکاتەوە، بەڵکو هەڵەیەکە ئەمجارە ئۆپۆزسیۆنیشی گرتەوە، کە وا (دەردەکەوێت) ئۆپۆزسیۆنی کوردستان دەرهاویشتەی هەمان فەزای سیاسیی عەقڵ‌و ڤیژن‌و جیهانبینیی پێش (٢٥)ی تەمموز بێت، ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە گێڕانەوەی سیستمە لە گرێژنەچووەکان نییە بۆ سەر سکە زانستییەکانی بەرژەوەندی گشتیی‌و کۆمەڵگە لە پێشیانەوە سیستمی ئابووری، ئەوەندەی ململانێیە بۆ بەشە پشک لە کەناڵەکانی پاشاگەردانیی سامانی کوردستان، کە گومان لای پسپۆڕانی ئابووری دروستدەکات‌و پێشبینی دەکەین لە بەرکەوتنەکانی بەرژەوەندییەکاندا رێکەوتن دروستبێت‌و بە ئاشکرا یان ناوەڕۆک رێکەوتنی ستراتیژیی دیکەی بەدوادا بێت‌و پرۆژەی ئۆپۆزیۆسیۆن لە ناوەڕۆکی چاوەڕوانکراو بەتاڵ بێتەوە، بۆیە زیاتر ئەرکی ئابووریناسەکان قورسترو دژوارتر دەکات، کە لەجیاتی ئەوەی لە سەنگەرەکانی پێشەوە هەوڵی گۆڕان‌و چاکسازیی سیستمی ئابووریی کوردستان بدات، کە ئەوە خواستی خەڵکی کوردستان بوو بە حەماسەوە گەرمای تەمموزی بۆ لە ئەستۆ گرت‌و دەنگی بۆ دا، ئێستا دەبێ ئابووریناسەکان لە بازنەکانی هەرە خوارەوە دوور لە جومگە سەرەکییەکانی بڕیار، ئەرکەکانیان چڕ بکەنەوە، ئەم دیاردەیەش پاش رەوینەوەی تەمەکان‌و هەنگاوە سەرەتاییەکان تەنیا ئەو نیشانە لە خۆ دەگرێت، کە هێشتا ئیرادەی گۆڕان لە لیست‌و قەوارەکاندا دروست نەبووە بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە وەک شەقامی کوردستان پەنجەیان بۆ مۆرکردو ئومێدەکانی خۆیانیان پێوە گرێدا، لێرەوە شیعارو پراکتیک وردە وردە لێک دەترازێن‌و جیادەبنەوە لە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنیشدا.



> **پاش بڵاوکردنەوەی ناوی کاندیدەکانی پەرلەمان لەلایەن دەزگای باڵای هەڵبژاردنەکانەوە، جارێکی دیکە عەقڵی ئابووری خرایەوە پەراوێزو هەر وەکو جاران سیاسەت لە جیاتی هەموو عەقڵەکان بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات لە هەموو لیستەکاندا بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، تەنیا لە پاش قەیران‌و تێکشکان ئاوڕ دەدەنەوە لە عەقڵە ئەکادیمی‌و زانستییەکان**

بۆیە جێگەی خۆیەتی، کە خەڵکی کوردستان بزانێت ئێستا دەنگ چەندە بەهاو نرخی هەیە بۆ گۆڕینی ژیان‌و گوزەران‌و داهاتووی خۆی‌و نەوەکانی ئێستاو ئایندەش.

هەر لەم روانگەیەشەوە، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێش ئەوەی دەنگ بدات دەبێت چەندینجار بیر لە گیرفانی خۆی‌و سفرەی منداڵەکانی بکاتەوە پێش ئەوەی دەنگەکەی بخاتە سندوقەکانەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت دەستخۆشی لە لیستی کوردستانی بکەین، کە لانیکەم یەک ئابووریناسیان کاندید کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە بە دەنگی بەرز لە میدیای کوردستاندا قسەو رای هەبووە لەسەر ئابووری کوردستان پێش (٢٥)ی تەمموز، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە تەنیا یەک ئابووریناس ئەوەندەی لیژنەی نائابووری پەرلەمان ئیستیهلاکی دەکەن ناتوانێ هەڵەکانی حکومەت راست بکاتەوە.

ئەم قۆناغەش، لە سەرانسەری کوردستاندا ئەوە لە ئابووریناسان‌و رێکخراوەکانیان دەخوازێت، کە زیاتر درک بە دژواریی باری ئابووریی کوردستان بکەن‌و تواناکانیان یەک بخەن بۆ هاوکاریی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان بە رەخنەو پێشنیازی گونجاوو عەمەلیی لە چوارچێوەی خۆ کۆکردنەوە لە ژێر چەتری فیدراسیۆنێکی ئابووریدا، کە هەموو رێکخراوەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزە. ئەم بانگەوازەش بۆ ئامادەکاریی کۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو ئەو رێکخراوانەیە لە زووترین هەلدا بۆ دروستکردنی ئەو فیدراسیۆنە ئیختیارییە.

**مونتەدای ئابووریی کوردستان**

---

## لێکۆڵینەوە لەگەڵ (٤٤٥)گەندەڵکاردا دەکرێت

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

دادوەر عەبدولستار بریقدار، وتەبێژ بەناوی ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە رایگەیاند، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (٤٤٥)کەس کە تۆمەتبارن بەتۆمەتی گەندەڵی رەوانەی دادگاکان کراون بۆ لێکۆڵینەوە.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا عەبدولستار بریقدار ئاماژەی بەوەکرد، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تائێستا (٣٤)هەزارو (١١٠)کەس لە زیندانەکاندا ئازادکراون‌و لەو ماوەیەشدا (١٦)هەزارو (١٠٧)کەس رەوانەی دادگاکان کراون.

وتەبێژەکەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، لەلایەن بەرپرسانەوە هیچ فشارێکیان نەخراوەتە سەر بۆ ئازادکرنی تۆمەتباران‌و ئەوەشی رەتکردەوە کە لە مەسەلەی تێوەگلانی عەبدول فەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی عێراقدا بە مەسەلەی گەندەڵی دەستتێوەردانی سیاسی هەبووبێت

## عێراق حەوت ناوچەی بازرگانی‌و پیشەسازیی دادەمەزرێت

وەزیری پیشەسازیی عێراق رایدەگەیێنێت کە عێراق ژمارەیەک رێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا ئیمزا کردووە، بۆئەوەی حەوت ناوچەی بازرگانی‌و پیشەسازیی دابمەزرێنێت.

بەپێی هەواڵێکی سایتی ئەسوات ئەلعێراق فەوزی حەریری، وەزیری پیشەسازیی ئاماژەی بەوەکردووە، وڵاتەکەی ژمارەیەک رێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا، ئێران‌و سوریا ئیمزاکردووە، بۆئەوەی حەوت ناوچەی بازرگانی‌و پیشەسازیی دابمەزرێنێت.

بەپێی رێککەوتنەکە عێراق سێ ناوچەی بازرگانی‌و پیشەسازیی لە ناوچەکانی باکورو ناوەڕاست‌و باشووری عێراق دادەمەزرێنێت‌و لەگەڵ سوریاشدا رێککەوتووە، بۆئەوەی ناوچەیەک لەپارێزگای ئەنبارو ناوچەیەکیش لەموسڵ دابمەزرێنێت.

وەزیری پیشەسازیی لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە، لەگەڵ وڵاتی تورکیاش رێککەوتوون، بۆئەوەی دووناوچەی دیکە لەپارێزگاکانی دهۆک‌و موسڵ دابمەزرێنێت.

## نەوتی کەرکوک رەوانەی دەرەوە دەکرێتەوە

عێراق‌و سوریا رێککەوتنێک ئیمزادەکەن بۆئەوەی جارێکی تر نەوتی کەرکوک لە رێگەی بەندەری بانیاسەوە رەوانەی دەرەوەبکرێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی سەوا عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند، عێراق رێککەوتنێکی گەورەی لەگەڵ سوریا ئەنجامداوە، بۆئەوەی جارێکی تر بەرهەمەنەوتییەکانی لە رێگەی سوریاوە رەوانەی دەرەوە بکات، بۆئەوەش ئێستا بۆرییەکانی نێوان کەرکوک‌و بەندەری بانیاسی سوری نۆژەندەکرێنەوە. بۆرییە نەوتییەکانی نێوان کەرکوک‌و سوریا کە نەوتیان پێداتێدەپەڕێت بۆ سەر دەریای سپی لە ساڵی (١٩٨٢)دا داخران‌و لە ساڵی (٢٠٠٠)دا کە بڕیاربوو گەمارۆی ئابووریی لەسەر عێراق هەڵبگیرێت جارێکی تر کرانەوەو لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەهۆی بۆمببارانکردنی فڕۆکەکانی وڵاتانی هاوپەیمانەوە داخرانەوە، هەرچەندە بۆرییەنەوتییەکانی کەرکوک رۆژانە توانای ناردنەدەرەوەی (٧٠٠)هەزاربەرمیل نەوتیان هەیە، بەڵام لەرابردوودا تەنیا (٢٠٠)هەزار بەمیل نەوتیان پێداتێپەڕیوە.

# ـــێمانی کەوتووەتەوە



گەیشتووەتە لایان.

شێخ هیوا عەبدوڵا، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات «هۆکاری ئەم ڕووداوانە پەیوەندی بە دانانی کارەبای ئەو شوێنانەوە هەیە، بە بڕوای ئەو پێویستە ئەندازیاری کارەبایی سەرپەرشتی بکات، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەندیکای ئەندازیارانو دەبوایە ئەوان کە مۆڵەتی ئەو باڵەخانانە دەدەن، هەوڵبدەن بەبێ ئەندازیاری کارەبایی کارەبای هیچ کام لەو بینایانە دانەنرێت».

بە وتەی شێخ هیوا، تائێستا پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەگەڵ سەندیکای ئەندازیارانو بەڕێوەبەرێتی بەرگری شارستانیدا، بەڵام لە ئێستا بەدواوە لە هەوڵی ئەوەدان کە پەیوەندیی دروستبکەن بە جۆرێک کە لەگەڵ پێدانی نەخشەو مۆڵەتی هەر بینایەکدا ئەندازیارێکی کارەباش دابنرێتو دانانی کارەبای ئەو بینایانە لە ڕێگەی ئەوانو بە سەرپەرشتی ئەو ئەندازیارانە بێت.

بەڵام نزار ئەسعەد محەمەد، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیاران، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە کە نەخشەی بینا بازرگانیو بیناکانی دیکە دەدەن ئاگاداری خاوەن موڵکەکە دەکەنەوە کە ئاوو ئاوەڕۆ لە نەخشەکەدا دیاریکراوە لەگەڵ چەند مەترێک بۆ باخچەو هەروەها دانانی سێتی کارەبایی لە هەموو بینایەکدا، بەڵام «نەخشەکە دەچێتەوە شارەوانیو مۆڵەتی پێ دەدەن، هیچ لێپرسینەوەو سەیرکردنەوەیەکی ئەو بینایانەی نییە، کە ئەو نەخشەیە تا چەند لەگەڵ بڕگەکانی بیناکەدا یەکدەگرێتەوەو تائێستاش داوایان لەیەک هاوڵاتی نەکردووە». بۆیە بە بڕوای سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیاران «شارەوانی هیچ بەشێکی وای نییە بۆ ئەوەی بزانێت ئەو نەخشانە چییان بۆ کراوە». بۆیە دەپرسێت؛ ئیتر ئێمە چۆن بتوانین لێکۆڵینەوە لەسەر دانانی دامەزراندنی ناوەوەی ئەوبینایانە بکەین؟».

نزار ئەسعەد، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە کاتێک ئەوان نەخشەیەک بۆ بینایەک دیاری دەکەن هەموو بڕگەکانی تێدایەو سێتی کارەباییش لە ناو یەکێک لە بڕگەکانی بینایەکەدایە، بەڵام کە لای ئەوان دەردەچێت شارەوانی پێویستە لێپرسینەوە بکات، نزار ئەسعەد وتیشی: «بەداخەوە ئەوان هیچ لیژنەو بەشێکیان نییە».

هەروەها باسیشی لەوە کرد، کە «بەڕێوەبەرێتی کارەباش کەمتەرخەمن لە بەرامبەر پێدانی ئەو بڕە کارەبایەی کە بۆ ئەو باڵەخانانە دابیندەکرێن، چونکە بینای وا هەیە پێویستی بە (٢) مێگا کارەبا هەیە، بەڵام ئەوان محاویلەیەکی (٢٠٠) کەی ڤی بۆ دادەنێن».

نزار ئەسعەد، باسی لەو داوایەش کرد، کە لە شارەوانییان کردووە کە بۆ هەر بینایەکی بازرگانی ئەندازیارێکی کارەبایی دابنێنو گرێبەستی لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی باشتر ئاگاداری کارەکانی یەکتر بن، بەڵام تائێستا ئەوان نەهاتوون بەدەم داواکەیانەوە.

لەلایەکی دیکەوە عەمید نەجمەدین، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی، باسی لەوە کرد کە تائێستا هیچ لایەنێک پرسیان بە ئەوان نەکردووە بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی خۆیانیان پێ بڵێن، هەرچەندە ئەوان ڕێنماییەکانیان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکردووەتەوە، بەڵام چەندین نووسراویان بۆ بەڕێوەبەرێتی کارەباو شارەوانی کردووە، کە لە کاتی دانانی کارەباو لە کاتی دروستکردنی هەربینایەکدا بێنە لای ئەوانو شێوازی فریاگوزارییەکانی خۆیانیان پێی بڵێنو بۆیان دابینبکەن، عەمید نەجمەدین وتیشی: «تائێستا هیچ وەڵامێکی نووسراوەکانیان نەداوینەتەوە»

# ــــرێن

گەڕاندووەتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە بەو شێوەیەو بە نەبوونی خزمەتگوزارییەوە درێژە بەو شێوە ژیانە بدەنو وتی: «چەند گوندێکی ئەو ناوچەیە ڕێگەیەکی زۆر خراپمان هەیە، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا حکومەت بۆ ڕەبییە عەسکەرییەکانی خۆیان دروستی کردووە، درێژیی ئەو ڕێگەیە تەنیا (١٢کم)ەو لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا چەندینجار بەڵێنیان داینێ بۆمان چاکبکەن، بەڵام تائێستا بۆمان نەکراوە».

ئەو پێیوایە دابیننەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک ڕێگەوبانو کارەباو ئاو هۆکاری چۆڵبوونی گوندەکانەو باسی لەوەش کرد لە ئێستادا تەنیا (٣) ماڵ لە گوندەکەی ئێمەدا ماوەتەوە، ئەگەر هەر وابڕوات ئەوانیش لە پایزدا جێیدەهێڵن، تەنیا گوندەکەی ئێمەش نییە کە چۆڵدەکرێت، زۆربەی ئەو گوندانەی لەسەر ڕێگەکەی ئێمەن چۆڵبوون، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات، کە بە هۆی نەبوونی ڕێگەیەکی باشەوە هەندێکجار وڵاخیان بەکارهێناوە.



دانیشتووانی هەندێک لەو گوندانەی کە زێدی خۆیان جێهێشتووە ئاماژە بە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەکەن، بەشێوەیەک، کە لەو (٧) گوندەی سنووری ناحیەی سورداشدا چۆڵکراون تەنیا یەک قوتابخانەی قوڕ هەبووەو هیچ بنکەیەکی تەندروستییان نەبووە.

دانیشتوویەکی گوندی دەرەنار، کە گوندەکەی چۆڵکردووە باس لە هاوکاری نەکردنو گرنگی پێنەدانیان دەکاتو باسی لەوەکرد کە لەڕووی کشتوکاڵو جوتیارییەوە هیچ هاوکارییەک نەکراونو تائێستا حکومەت نەیتوانیوە جۆگەیەکی ئاودێریی یان چەند بیرێکی ئیرتیوازیمان بۆ هەڵبکەنێت، بۆ ئەوەی باخەکانمان وشک نەبن، ئێستا بە هۆی ئەو کەموکوڕییانەوە هیچ بەروبوومێکمان نییە لە کاتێکدا ئەوان بە بەروم بەناوبانگین

بۆ بەدواداچوونی هۆکاری گرفتو چۆڵبوونی گوندەکان پەیامنێری ڕۆژنامە سەردانی بەکر عەبدولکەریم بەڕێوەبەری ناحیەی سورداشی کرد، بەڵام ئامادەنەبوو لەو بارەیەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات.

# پارەی میللەتو مەزاجی شەخسیی

## پێشنیازێک بۆ لیستی گۆڕان



**دیاری عەبدولحەمید**

بەخشینەوەی پارە لەلایەن چەند کەسێکەوە کە پۆستی گەورەیان هەیە لەناو حیزبو حکومەت مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا بەنهێنیو هەندێجار لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت جۆری بەخشینەوەکە قۆناغێکی دیکە وەردەگرێت، بەو مانایەی ئێستا لەڕووی چەندێتی بڕەکەوە زۆر زیادیکردووە بە بەراورد بە ساڵەکانی پێشووتر، دیارە ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هاتنی ئەو داهاتەوەیە کە لە بەغداوە دێتە هەرێمەوە، ئێمە زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەتایبەتی ڕاگەیاندنە حیزبییەکان گوێبیست دەبین کە فڵانە کەس لە بودجەی خۆی (١٠٠) هەزار دۆلاری تەرخانکرد بۆ چارەسەرکردنی چەند کێشەیەک لە چەند قوتابخانەیەکدا، کاتێ ئێمە گوێبیستی ئەم پەخشانە دەبین دەبێت هەڵوێستمان چی بێت؟ ئەمە لە کاتێکدایە ئەو بەڕێزە بەپێی میزاجی خۆی ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکردووە بۆ ئەو چەند قوتابخانەیە. ئایا دەبێت ئێمە هەڵوێستمان چی بێت ئەمە لە کاتێکدایە ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانە هیچ پەیوەندییەکی بە مەزاجو کەسی تایبەت نییە ئەوەندەی ئەرکە کە وەزارەتی تایبەتمەند ئەو کارە بکات.

لەڕاستیدا ئەوەی ئێستا ڕوودەدات کارێکە شایەنی ئەوەیە سەرزەنشت بکرێتو لە میدیا ئەهلییەکانەوە ڕای خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پارەی میللەتو سەرچاوەی پەیداکردنی ئەو پارە زۆرانە لای کەسێک ئاشکرایە کە پارەی هەموو میللەتو نابێت بدرێتە دەست مەزاجی شەخسی، ئەم شێوازە لە هەڵسوکەوت دەبێت ڕێگەی پێ نەدرێتو دەبێت لەباتی دەستخۆشی لە کەسی بەخشندە واتە ئەوەی (١٠٠) هەزار دۆلارەکەی بەخشیوەتەوە لیژنەی لەسەر بگیرێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کەسە هاوڵاتییەکی ئاسایی نییە ئەوەندەی بەرپرسەو یاساکانی ئیدارەو کارگێڕیی تێکداوە، ئەو کەسە واتە «بەخشندەکە» دەبێت لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەو پرسیارەی لێ بکەن ((کە تۆ ئەمەت لە کوێ هێناوە)) نەک بەشانو باڵایدا هەڵبدەنو لە دواجاردا بیکەن بەڕەمزی بەخشندەیی.

من ئومێدم ئەوەیە کە لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی ئایندەدا یەکەم کار هەوڵ بۆ ئەوە بداتو کار لەسەر ئەوە بکات کە دەزگایەکی نەزاهە لە کوردستان دروستبکرێت، حەقی ئەوەیە لیستی گۆڕان ئەم کارە بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی، چونکە میللەت لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە دیمەنەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بەدی دەکات، لەڕێگەی ئەم دەزگایەوە تەواوی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا ئاگادار دەکرێنەوە لە هەموو کارێک بەتایبەتی ئەو کارە نابەجێیانەی کە دەزگاکە کار بۆ کەشفکردنی دەکات، دیارە نەبوونی دەزگای نەزاهە لە (١٨) ساڵی ڕابردوودا زیانێکی زۆری لە میللەت داوە بەو مانایەی ئەگەر دەزگایەکی لەو شێوەیە هەبوایە لە بەرامبەردا هیچ بەرپرسێک زاتی ئەوەی نەدەکرد کە بەپێی مەزاجی خۆی پارە ببەخشێتەوە، دیارە ئێمە دەیان نموونەی دیکەمان هەیە بۆ باسکردن، بەڵام بە فیڕۆدانی پارە چ نموونەیەک بێت یان هەزار نموونە هەموویان دەچنە بابی یەک ماناوە کە لە دوا جاردا هەمان مانایە، کە نووسینەکەمان لەپێناویدا بڵاو کردووەتەوە.

## کێ بەرپرسیارە؟

# مانگـــی رابردوو (٢٨٠) ئاگـــر لە سلـــ

سیروان عەول



لە ماوەی حەوت مانگی رابردوودا (١١٤٩) رووداوی جۆراوجۆر لە بەرگریی شارستانیی سلێمانی تۆمار دەکرێتو لە نێوانیشیاندا (٨٠) رووداوی ئاگرکەوتنەوەو (١١) لافاو تۆمار دەکرێتو تیایدا (٥) کەس رزگاربوونو نزیکەی (٤٤) بریندارو (٦) کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

تەنیا لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا (٣٨٢) رووداو هەبووە، کە (٣٨٠) یان ئاگرکەوتنەوە بووە، هاوکات دووهاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو دوو کەسی دیکەیش لە پێکدادانێکدا بە هۆی دووکەڵی ئاگرەوە گیان لەدەست دەدەن.

یەکێک لەو ئاگرە گەورانەی کە بەم دواییانە لە یەکێک لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی کەوتەوەو زیانێکی گەورەی گەیاند، ئاگر کەوتنەوەکەی بازاڕی سەجادی بوو لە سەنتەری شاری سلێمانی.

ئەو بازاڕە، کە نزیکەی (٤٠) دوکان دەبێتو هیچ کەرەستەیەکی ئاگرکوژێنەوەی تیادانییە، دەکەوێتە سەنتەری شاری سلێمانییەوە، کە بە هۆی لاوازیی ئەو کێبڵی کارەبایانەی کە بۆی بەکارهێنراوە، بوو بە هۆی رووودانی شۆرتی کارەبا، کە بە سووتانی بازاڕەکە کۆتاییهات.

ئیسماعیل ئیبراهیم، خاوەنی (١٣) دووکان بوو لەو بازاڕەدا، باسی لەوە کرد؛ کە رووداوەکە لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆدا روویدا، ئەو کە لەگەڵ کوڕەکەیدا بە بێهۆشی لەناو ئاگرەکەدا دەریانهێناون، بە بڕی نزیکەی (٤٠) هەزار دۆلار زیانی لێکەوتووە، ئیسماعیل وتی: «هیچ شتێکم بۆ دەرنەچووە».

دوکانەکانی ئیسماعیل پێکهاتبوون، لە فەرشو کەلوپەلی ناوماڵ کە هەر دوکانێکیان زیاتر لە (٢٠) هۆرتەو فەرشو (٥٠) بەتانیو لێفەی پزیشکیی تیادا بوو.

بە وتەی ئەو زیانلێکەوتووە تائێستا کەس لێی نەپرسیونەتەوەو هیچ بڕیارێکیش نییە بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانەیان بۆ بکاتەوە.

بە بڕوای زۆرێک لە دوکاندارەکان هۆکاری سەرەکی لە گڕگرتنی بازاڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ خراپیو نا ئەندازەیی لە تۆڕی کارەبای بازاڕەکەدا. بەتایبەت کاتێک کە ئەو دوکانانە هەر دانەیەکیان لە سپلیتێک کەمتری تیادا نییە، بەو پێیەش زیاتر لە سپلیتێک لەو دوکانانەدا هەیە، ئەوەش فشارو قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر تۆڕی کارەبای بازاڕەکە، کەوا دەکات بەرگەی ئەو فشارە نەگرێت.

رەئووف بەکر، خاوەنی دوو دوکانی زەڕەنگەریی بوو لەو بازاڕەدا، وەک خۆی باسی لێوە دەکات هەر دووکانەیان زیاتر لە (٥) کیلۆ ئاڵتوونی تێدابوو، یەک شتیان بۆ دەرنەچووە، بۆیە بۆ هەر دوکانێکیان زیانی زیاتر لە (٤٠) هەزار دۆلاری لێکەوتووە.

بە وتەی رەئووف، پاش تێپەڕبوونی (٣٠) خولەک ئینجا ئاگرکوژێنەوە

# گـــوندەکـــان چـۆڵـدەکـــ

فاخیر تەلانی

تەنیا لە سنووری ناحیەی سورداشدا (٧) گوند لەلایەن دانیشتووانەکەیەوە چۆڵدەکرێنو خەڵکەکەی بەرەو شارو قەزاکان کۆچ دەکەن «ئەوەش بە هۆی کەمیو نەبوونی خزمەتگوزارییەوە»، بەڕێوەبەری ناحیەکەش ئامادە نییە لەو بارەیەوە لێدوان بدات.

هەرچەندە دوای راپەڕین بەشێکی زۆری گوندنشینە راگوێزراوەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیانو گوندەکانیان ئاوەدانکردەوەو بە کاری کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵبوون، بەڵام دوای چەند ساڵێک گوندەکانیان چۆڵکردەوەو ئەمجارە بە ویستی خۆیان بەرەو شارو قەزاکان هەڵهاتن، وەک خۆشیان باسی دەکەن هۆکاری ئەوە «دابیننەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە لە ماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانی خەڵکدا».

خەلیل فەقێ عەبدوڵڵا، مامۆستایەکی ئایینی گوندی سردی گەورەیە، دوای گەڕانەوەو چەند ساڵێک ژیان لە گوندەکەیدا، ئێستا کۆچی کردووەتەوەو زێدی خۆی جێهێشتووە، وەک خۆی باسی دەکات؛ ئەوەش بە هۆی «نەبوونی خزمەتگوزارییەوە».

ئەو باس لەوە دەکات کە دوای پرۆسەی ئەنفالو سووتانی گوندەکەیان لە راپەڕیندا خۆیان ئاوەدانیان کردووەتەوەو کشتوکاڵو ئاژەڵدارییان تێدا کردووە بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک هاوکارییان بکاتو وتی: «لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی گوندەکەمان هاتنەوەو لەسەر ئەرکو پارەی خۆمانو خێرخوازان مزگەوتی گوندەکەمان دروستکردەوە».

تەنیا لە سنووری ناحیەی سورداشدا (٧) گوند لەلایەن دانیشتووانەکانیانەوە چۆڵکراون، کە گوندەکانی (سردی گەورە، سردی بچوک، دەرەنار، گەرمک، سێکانیان، بیران، شێخ زەینەڵ)نو دەکەونە رۆژئاوای ناحیەی سورداشەوە، (٤) گوندیان بە تەواوەتی چۆڵکراوەو هیچ ماڵێکی تێدا نیشتەجێ نییەو (٣) گوندەکەی دیکەیش تەنیا (٩) ماڵیان تێدایە.

مامۆستا خەلیل ئەوەشی خستەڕوو؛ کە بە پارەی خۆیانو هاوکارییەکی حکومەت قوتابخانەیەکی سێ پۆلییان دروستکردووەو خوێندنیان



| ز | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال | ژمارەی ماڵ دوای راپەڕینی ساڵی 1991 | ژمارەی ماڵ لە ئێستادا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سردی گەورە | 45 | 26 | 3 | |
| 2 | سردی بچوک | 3 | 3 | 2 | |
| 3 | سێکانیان | 15 | 6 | – | چۆڵکراوە |
| 4 | دەرەنار | 11 | 5 | – | چۆڵکراوە |
| 5 | شێخ زەینەڵ | 20 | 14 | 4 | |
| 6 | بیران | 8 | 3 | – | چۆڵکراوە |
| 7 | گەرمک | 20 | – | – | چۆڵکراوە |
| کۆی گشتی | | 122 | 57 | 9 | |

خشتەی ئەو حەوت گوندە بە ژمارەی ماڵ لەپێش ئەنفال، لە دوای راپەڕین

# ئەی پەرلەمانتارانی داهاتووی کوردستان



مەجید ساڵح

(١)

پەرلەمان لە وشەیەکی فەرەنسی (Parliament) داتاشراوەو لە زانستی سیاسیدا چەندین وشەی دیکەی هاومانای بۆ دانراوە وەک (کۆنگرەی یاسادانان، ئەنجومەنی یاسادانان، کۆمەڵەی یاسادانان...). بۆ یەکەمینجار سیستمی پەرلەمانتاری لە بەریتانیا لە سەدەی (١٣)زاینیدا دامەزرا. بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتە پەرلەمانییەکاندا پەرلەمان نوێنەرایەتیی گەل دەکاتو ئەرکەکانی بریتین لە:

- دەرکردنی یاسا.
- سەرۆک وەزیران دیاریی دەکات.
- چاودێریی کاروباری حکومەتو دەسەڵاتەکان دەکاتو لێیان ورد دەبێتەوە.
- بڕیار لەسەرداهاتو خەرجییەکانی حکومەت دەدات.

(٢)

پەرلەمانی عێراق تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە جێبەجێکردنی ئەرکی یەکەمی خۆی کە (دەرکردنی یاسا)یە، سەرەڕای ئەو هەموو تیرۆرو شەڕوشۆڕەی کە هەیە توانیویەتی (١٥٣) یاسا دەربکات لەو یاسایانە (٤)یان تایبەت بوون بە بڕیاردان لەسەر بودجەی عێراق. بۆ ئەرکی دووهەمیشی کە دانانی (دیاریکردنی سەرۆک وەزیران)ە، پەرلەمانی عێراق دوای بگرەو بەردەیەکی کە چەند مانگێکی خایاند، ئینجا لە ئایاری (٢٠٠٦)دا سەرۆک وەزیرانی عێراق هەڵبژێررا. سەبارەت بە ئەرکی سێیەمی پەرلەمانی عێراق کە (چاودێریکردنی حکومەتە)، پەرلەمان لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەپێی بەندی ژمارە (٣٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی، بە شێوەیەکی باش لە ڕێگەی لیژنەی نەزاهەوە چاودێریی دەسەڵاتی تەنفیزیی کردو تەنانەت کاریشی گەیاندە ئەو ڕادەیەی وەزیرێکی گەندەڵی وەک فەلاح سودانی دایە دادگا. بۆ چوارەم ئەرکی پەرلەمان کە (دیاریکردنی خەرجیو داهاتە) هەموو ساڵێک حکومەتی عێراقی پێش ئەوەی بڕیار لەسەر بودجەی وڵات بدرێت، داهاتی پێشبینیکراوی خۆی دەخاتە بەردەست پەرلەمان. دواتر ئەو بودجەیەی کە پێی باشە بۆ وەزارەتەکانی خۆی دابین بکرێت، بە شێوەیەکی ورد دەخاتە بەردەم پەرلەمانو دوای تاوتوێکردنو لێپرسینەوە لە هەموو وردەکارییەکانی ئینجا پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات. پاش بڕیاردان لە بودجەی عێراق، پەرلەمان بەوەوە ناوەستێتو بەبەردەوامیی چاودێریی چۆنێتیی خەرجکردنی دەکات.


(٣)

پەرلەمانی کوردستان، هاوکات لەگەڵ پەرلەمانی عێراقدا هەڵبژاردنی بۆ کرا. لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان لە جێبەجێکردنی ئەرکی یەکەمی سەرشانی نزیکەی (٧٧) یاسای پەسەند کرد. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی قسەی دادوەرو یاساناسان هەرێمی کوردستان لە گەورەترین فەوزای یاساییدا دەژیو پێویستی بەوە هەیە دەربازی بێت لەو هەموو یاسایانەی کە لە ئەنجامی دوو ئیدارەیی دروست بوونو لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێن. بۆ ئەرکی دووهەمیشی کە دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانە، نەک هەر پرسیی پێ نەکرا، بەڵکو یەکێتیو پارتی پێش ئەوان بڕیاریاندا سەرۆک وەزیرانیش وەک بودجەکە لە نێوان خۆیاندا برابەش بکەنو هەریەکەیان دوو ساڵ سەرۆک وەزیرانیان بەرکەوێت. ڕووداوەکانی دواتر ئەوەی لێکەوتەوە یەکێتی لە بەرژەوەندیی نێچیرڤان بارزانیدا دەستبەرداری مافی خۆی ببێت. پەرلەمانی ڕابردووی کوردستان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەرکی سێیەمی خۆی جێبەجێدەکات، یەک دووجار بانگهێشتی وەزیرەکانی حکومەتی کرد، بەڵام دواتر بە چەپڵەڕێزان بەرەو وەزرارەتەکانیان بەڕێکرانەوە، وەک ئەوەی حکومەت شامی شەریف بێت، کەس موحاسەبەنەکرا. لە چوار ساڵی ڕابردوودا لەو (٧٧)یاسایەی پەرلەمان، تەنیا یەک دانەیان تایبەت بوو بە بودجەی هەرێمی کوردستان. «ئەو جارەش کە بودجە لە پەرلەمان پەسەندکرا، وردەکاریی چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان ڕون نییە....» ئەوە قسەی جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییو ئابوورییە لەپەرلەمانی کوردستان کە لە ژمارە (٢١٠)ی چاودێردا وتویەتی. واتە سێجار بودجەی هەرێمی کوردستان بە عالەمی ئاشکرا «فت»کرا ونەک هەر هاوڵاتییان، بگرە پەرلەمانتارەکانیش نەیانزانی چۆنو بۆچی خەرجکرا. لیژنەی نەزاهەکەی کوردستان ئەو دوو دیوانی چاودێرییەن کە پاشماوەی دوو ئیدارەیینو تاوەکو ئێستا ماون، ئەم دوو دەزگایە چییانکردووەو چیدەکەن جێیدەهێڵم بۆ وتارێکی تر.

(٤)

بۆ ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی تەندروست کارەکانی هەڵسوڕێنێتو بەپێی یاساکان کاربکات، بۆ ئەوەی بودجەی هەرێم دیزەبەدەرخونە نەکرێت، بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیران بە موناقشەو بە پێی تواناو لێهاتویی دیاریی بکرێتو بۆ ئەوەی یاسا سەروەریی هەمووومان بێت، گەلی کورد لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هەموو سەڵاحیەتێکیان داوەتە نوێنەرەکانیان «بە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە، بە ئیسلامیو عەلمانییەوە». ئەوانیش وەک لەسەرەوە باسمانکرد تەنیا ئەو چوار ئەرکەیان لەسەر شانەو لە بەرامبەر ئەو ئەرکەشدا جگە لەوەی لە ڕووی داراییەوە ژیانیان مسۆگەرەو دونیایەک ئیمتیازاتیان هەیە، حەسانەی تەواویشیان هەیە لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان. کەواتە ئەی پەرلەمانتارانی داهاتووی کوردستان خواو گەل دەتانگرێت ئەگەر نەتوانن لە چوار ساڵی ئایندەدا نمونەیەکی جوانترمان پێشکەش بکەن، جیاواز لەو نمونە ستۆکانەی کە بینیمان. گرنگیی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی سەرشانتان لەوەدایە، هاوڵاتییان هەست بە دڵنیایی دەکەن لەوەی حکومەتو حیزبەکان دزییان لێ ناکەنو ئێوەش ئەو پارەیەی وەریدەگرن حەڵاڵتانە، نەک حەرام.

# بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی بزووتنەوەی گۆڕان هەمیشە ئاکتیڤو زیندوو بمێنێتەوە لە کوردستان



محەمەد خورشید

بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی بەرفراوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بە دیدو تێزی جیاواز، بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەمانکاتدا خوێندنەوەو بەرنامەی جیاوازی بۆ گشت بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نە بە تەنیا دەرهاویشتەو موڵکی توێژو حیزبو لیستێکە، وەک هەندێک کەس خوێندنەوەی کرچوکاڵی بۆ دەکەن، نە بە تەنیا قەتیسی شارو ناوچەیەکە، وەک هەندێک لایەن دەیانەوێت بچووکی بکەنەوەو لە بەرچاوی خەڵکی کوردستاندا وای نیشانبدەن.

ئەم بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنە، دەرهاویشتەیەکی نارەزاییو لۆژیکییو سروشتیی هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانە، لە ئاست نارێکیو گەندەڵییو ناموئەسەساتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان. پێشهاتنەکایەی ڕیفۆرمو لیستەکان، بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز، بوونێکی هەرەمەکی هەبوو، بەڵام لیستی گۆڕان ئەم بزووتنەوەیەی فۆرمەلە کردو بە بەرنامەو ڕێکخستنی نوێوە بەشداریی پێکردن لە هەڵبژاردندا.

خاڵێک کە سەلمێندراوو بەڵگەنەویستە لە مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە بێگومان کوردستانیش بەدەرنییە لێی، کەموکوڕیو بوونی خەوشە لەو بزووتنەوانەدا، بەڵام ئەوە پێنووسەکانی ڕۆشنبیرانی جدییو ڕۆژنامەوانی بوێرو ئازادی ناو بزووتنەوەکەو کۆمەڵگەیە، کە بەردەوام کار دەکەن لەسەر جوانکردنی پانتاییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەو زیندوو هێشتنەوەی ناوەڕۆکی گۆڕانو نوێبوونەوە.

ڕاستە کەموکوڕیی هەبووە لە هەڵبژاردندا، ڕاستە کەم تا زۆر گزی کراوەو هەندێ کردەوەی ناشیرین ڕوویداوە، بەڵام با بە هێمنییو لۆژیکی بڕوانینە ناوچەکەو خۆرهەڵاتی ناوینو بەتایبەت ئەو کەلتوورەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی تیایدا پەروەردە بووە، چ کلتوورێکی پەروەردەیی بووە؟، ئایا کلتووری یەکتر قبوڵکردن تیایدا بەرهەم هاتووە یان بە درێژایی مێژوو کلتووری یەکتر سڕینەوە بووە؟.

ئایا دەکرێ لە کلتووری پەروەردەیەکی مێژوویی دوورو درێژی یەکتر سڕینەوە، لە چەند مانگێکدا کلتووری بێخەوشی یەکتر قبوڵکردن بچەسپێت؟ ئایا دەکرێت هەڵبژاردنێکی دیموکراسی بێ خەوشو بێ کەموکوڕ ئەنجام بدرێت لە وەها کلتوورێکدا؟ یا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەروا بە ئاسانیو بێ گلەییو ڕەخنەو تانەو تەشەر دێتە قبوڵکردن، کە هەرچەندە ڕەخنە مافی یاسایی هەموو لیستو چاودێرێکە، بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، بێگومان دەڵێم نەخێر.

هەڵبژاردنێکی دیموکراسی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، بەو هەموو حیزبو لیستو گروپە جیاوازانەوە، بە کلتوورێکی پەروەردەیی جێماوی دەیان ساڵەی پڕ لە شەڕانگێزیی ڕژێمی فاشی بەعسەوە، کە بێگومان ئاسەواری کەم تا زۆر، تا ئێستاش کاری نێگەتیڤی لە نەستو هزری تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا جێهێشتووە. چۆن لە وەها کۆمەڵگەیەکدا داوا دەکرێتو دەبێت، هەڵبژاردن تەواو کامڵ بێت؟ داوایەکی لەو بابەتە بە مانای نەخوێندنەوەی مەعریفەی کۆمەڵگەیە، چ لە ڕووی هزرییو پەروەردەییەوە، چ لە ڕووی سایکۆلۆژیو زانستییەوە. بۆیە لێرەدا بە شانازییەوە دەڵێم؛ ئەوەی ڕوویدا لە (٢٥)ی تەممووزدا، گەورەترین دەستکەوتە، کە خەڵکی کوردستان بە گشت چینو توێژو لیستو حیزبەکانو حکومەتەوە بە دەستیان هێنا، لە مێژووی مۆدێرنەی ئەم سەردەمەی کوردستان، کە بووە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان. وا تێدەگەم، هەرچەندە کەموکورتیشی هەبوو، بەڵام دەبێت هەموومان بە ڕێزو شانازییەوە لێی بدوێین.

لە هەمانکاتدا، نابێت کەموکورتیو خاڵە لاوازەکانی ئەم پرۆسە نوێیەی دیموکراسی پشتگوێ بخرێتو کار نەکەین لە سەریو خەڵکی کوردستانی لێ وەئاگا نەکەین، بەڵام ئەوەی گرنگەو ئەرکی هەنووکەیی دوای هەڵبژاردنە، تێپەڕاندنی شێوەی کارکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنە، چونکە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، تاقیکردنەوەکانی مێژووی پێماندەڵێ؛ تارادەیەک ئاساییە، گەر حیزبو لیستو گروپە ڕکەبەرەکان شێوەیێک لە کەموکوڕی نایاسایی پیادە بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە کۆمسیۆنی باڵا لە ناوچە جیاوازەکانی دونیادا یاسای هەڵبژاردن دەردەکاتو پێشێلکاران بەپێی ئەو یاسایە سزا دەدات. نەک هەر تێپەڕاندنی قۆناغی هەڵبژاردن پێویستە بەڵکو، دەبێت شێوەی دەستەواژەکانی ئاخافتنەکانمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، چ لە میدیاکان بە گشتیو چ دانیشتنەکانی پەرلەمان بەتایبەتی.

پێویستە لە پەرلەمانی داهاتووی هەرێمدا بەژنی گەلی کوردستان لە گشت حیزبو لیستەکان بڵندتر بێت، کێشەکانی ڕابردوو بپێچینەوەو ئیش لەسەر ئێستاو ئایندە بکەین، ڕکەبەرایەتی بانگەشەی هەڵبژاردن تووڕ هەڵدەینو بە ئاخافتنی نوێو دەستەواژەی نوێوە بکەوینە گفتوگۆو کارەوە، چونکە گۆڕانو نوێبوونەوە بەشێکی بەرنامەی سەر لاپەڕەکانە، بەڵام بەشەکەی دیکەی ئاخافتنی نوێو دەستەواژەی نوێیە، بۆ دووانو گفتوگۆو ئیشکردن.

بەڵێ ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن، ئەرکێکی گەلێ سەختو دژوار دەبێت، هەر لە کارکردن بۆ گەڕانەوەی فەرمانبەرانی لەسەرکار دەرکراو، هەموارکردنی هەندێ بەند لە دەستووری هەرێمی کوردستان، چاککردنی مووچە بە گشتیی، بەگەڕخستنی بواری کشتووکاڵ، کارەبا، ئاو، ڕێگەوبان، یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی داراییو ناوخۆو پێشمەرگە، جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمو سەلماندنی کارکردنی سەربەخۆییان، کە دەکاتە دەسەڵاتی پەرلەمانو قەزاو حکومەت. دیاریکردنی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە کونسلخانەکانی دەرەوەی وڵات، هەروەها کارکردنی جدیی بۆ کێشە هەڵواسراوەکان بە یەکدەنگیو یەک هەڵوێستیی، مادەی (١٤٠)، هێزی پێشمەرگە، یاسای نەوتو گاز، بودجەی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئیشکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراق. ئەمانە هەمووی بە یەکتر قبوڵکردنو لە خۆبردوویيو لێبوردەییو هەستێکی ئێجگار ساردی دەوێ لە گفتوگۆو کارکردندا. بزووتنەوەی گۆڕانو خەڵکی کوردستان، بێگومان هاوکارتان دەبن، ئێوەش پەرلەمانتارانی هەرێم بە یەکتر قبوڵکردنتان، ناوەڕۆکی گۆڕانو نوێبوونەوە زیندوو و ئاکتیڤ ڕادەگرن.

> **پێویستە لە پەرلەمانی داهاتووی هەرێمدا بەژنی گەلی کوردستان لە گشت حیزبو لیستەکان بڵندتر بێت، کێشەکانی ڕابردوو بپێچینەوەو ئیش لەسەر ئێستاو ئایندە بکەین، ڕکەبەرایەتی بانگەشەی هەڵبژاردن تووڕ هەڵدەینو بە ئاخافتنی نوێو دەستەواژەی نوێوە بکەوینە گفتوگۆو کارەوە**

تەوەر

لە چاوەڕوانی کابینەی سێبەردا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا

# سەردار عەزیز: کارایی ئۆپۆزسیۆن پەیوەستە بەوەی خەڵک بکاتە پاشخانی هێزی خۆی

ئا: هەردی مەهدی

**لە هەرکات زیاتر ئەمرۆ پێویستە قسە لەسەر ئۆپۆزسیۆنو ناوەڕۆکو کارەکانی بکرێت، لەلایەک لەبەرئەوەی کە مێژووی ئەم هەرێمە لە رووی کردەییەوە نامۆیە بەم چەمکە، لەلایەکیتریشەوە بۆ قووڵکردنەوەی گیانی پەرەپێدانی ئۆپۆزسیۆنو لێبوردەیی لە یەککاتدا هۆشیاریی‌و تێگەیشتنی کردەیی پێویستە، چونکە ئەگەر وەڵامدەرەوەکانی ئۆپۆزسیۆن چ وەک دەسەڵاتو چ وەک هاوڵاتییان ئیجابی نەبێت، ئەوا رەنگە ئەوکات ئۆپۆزسیۆنبوون ئەوەندەی توندوتیژیی‌و رق بەرهەمبهێنێت ئەوەندە پەرلەمانێکی کاراو حکومەتێکی خزمەتگوزارو جەماوەرێکی لێبوردە بەرهەم نەهێنێت.**

**لێرەوە رۆژنامە لە تەوەری ئەمجارەیدا رۆشنبیر سەردار عەزیز وەڵامی دەدوێت؟**



**رۆژنامە: هۆکاری درەنگ دەرکەوتنی هێزێکی راستەقینەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* درەنگ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا دەکرێت لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، دەکرێت مەبەستمان لە ئۆپۆزسیۆن روونبکەینەوە. ئۆپۆزسیۆن حیزبە. کەواتە دەبێت بزانین حیزب چییە، حیزب ئەو رێکخراوەیە کە هەڵگری دیدێکی تایبەتە بۆ ژیان. هەڵگرتنی ئەم دیدە تایبەتە پێویستی بە هێز هەیە بۆ ئەوەی بەرجەستەبێت، ئەم هێزەش لە چەند روویەکەوە فەراهەمدەبێت. رووی تیوریی وە هەروەها رووی پراکتیک، لە رووی تیورییەوە، حیزب دەبێت ئایدۆلۆژیای هەبێت کە لەرێگەیەوە دونیابینی خۆی پیادە دەکات. (ئایدۆلۆژیا بە مانا تەقلیدیە کەڕوو گرتووەکەی نا)، بەڵکو بە مانای هەبوونی دیدێکی تۆکمە بۆ لێکدانەوەی دونیا. ئەم دیدە هەمیشە، یەک دیدە، بەو مانایەی، تەنیا لەگەڵ دیدو بەرژەوەندیی یەک توێژی کۆمەڵگەدا دەگونجێت. (زۆر حیزب هەن لە دونیادا، بێ ئایدۆلۆژیان بە مانا تەقلیدییەکەی، بەڵام ریتمو هەڵسوکەوتو پەیوەندیی‌و زۆر کاری پراکتیکی دیکە، دەبێتە بونیادی ئایدۆلۆژیا بۆیان. ئایدۆلۆژیا وەک پراکتیک دەتوانین بۆ ئالتۆسێر بگەڕێینەوە، بەتایبەت کتێبی لینین‌و فەلسەفە). حیزب لەنێو ئەم ئایدۆلۆژیایەدا پلانێک بەرامبەر گشت رەهەندەکانی ژیان دادەرێژێت: لایەنی ئابووری، ئەخلاقی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، زۆری دیکە.

ئەمانە هەموو ئامادەن، دارێژراون، بە شێوازی جیاواز بەرجەستەدەکرێن کاتێک حیزب دەگاتە دەسەڵات، ئەمانە دەخاتە پراکتیزەوە کەواتە حیزب ئەو دەزگا ئامادەباشەیە بۆ ئەوەی حکومەت بەڕێوەبەرێت بەو ئاراستەیەی کە لە بونیادی ئایدۆلۆژیدا هەڵگریەتی ئێستا دەتوانین قسە لەسەر ئۆپۆزسیۆن بکەین. بە کورتی ئۆپۆزسیۆن ئەو هێزەیە کە لە دەرەوەی بەڕێوبردنی حکومەتدایە، بەڵام وەک هەموو حیزبێکی دیکە خاوەنی تیۆرو پلانی تۆکمەیە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت. کەواتە کاتێک حیزبێک لە ئۆپۆزسیۆندایە هەمیشە لە کاری بەراوردکاریدایە مەبەستم لەمە ئەوەیە کاتێک حیزبی دەسەڵات بە کارێک هەڵدەستێت، حیزبی ئۆپۆزسیۆن کارەکەی حکومەت لەگەڵ دیدو بەرنامەکانی خۆیدا بەراورد دەکات لەم پرۆسەی بەراوردکارییەدا رەخنە یان هاوکاریی دێتەئاراوە. کەواتە کاتێک حیزبێک لە ئۆپۆزسیۆندایە دەبێت بزانێت، دیدی خۆی چییە، دیدی حیزبی دەسەڵات چییە، جیاوازی‌و یەکسانیان لە چیدایە، چۆن دەتوانێت بەشێوەیەکی بونیادنەرانە لەرێگەی ئەم بەراوردکارییەوە دیدێکی جیاواز بە حکومەت ببەخشێت، هەروەها ئاگاداری بکاتەوە لە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکانەی کە رەنگە حیزبی دەسەڵات بیریان لێنەکاتەوە، چونکە خۆی بە نوێنەریان نازانێت.

لە رووی فەلسەفییەوە ئۆپۆزسیۆن دیالیکتیکێکی هێگلیانەیە کاتێک حکومەت تێزی خۆی دەخاتە بەرچاو، ئۆپۆزسیۆن تێزێکی جودا پێشکەشدەکات، لە هۆڵی پەرلەماندا لەرێگەی گفتوگۆو فشارەوە تێزی سێیەم بەرهەمدێت. ئێستا ئەگەر بێین وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە. ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دواکەوتنی ئۆپۆزسیۆن هەندێکن:

١- بزووتنەوەی سیاسیی کوردی تەمەنێکی درێژی وەک هێزێکی یاخیبوو، چەکدار، دژ بە حکومەتی سەنترال، بەسەربردووە هەمیشە قۆناغی چەکداریی قۆناغی جۆش‌و خرۆش‌و یەکبوون‌و حەماسەتو ئەمجۆرە تێگەیشتن‌و هەڵوێستانەیە. بۆیە هەبوونی هێزێکی جودا لە قۆناغێکی وەهادا ئاسان نییە. هەروەها شۆڕش خاوەنی دەزگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نییە. هەرچەندە حیزبی کوردی وەها بونیادنەنراوە کە حیزب بێت، خاوەنی دەزگایەکی مۆدرێن بێت کە توانای گەشەو نوێبوونەوەی هەبێت. بیری نوێ یان جیاواز زۆرجار لەنێوان حیزبی کوردیدا بە خیانەت لەقەڵەم دەدرێت.

٢- حیزبی سیاسیی کوردی وەها نەهاتووەتە ئاراوە کە لەگەڵ خۆیدا گفتوگۆبکات، چونکە سەرکردەی بەرزو پیرۆزو خودایییانەی هەبووە، ئەوا هەرگیز بیر لەوە نەکراوەتەوە کە دەکرێت جودا هەبێت، ئەمە بەتایبەت لە قۆناغی هاتنە شاردا بووەمایەی خوێنڕشتنێکی زۆری منالی بێگوناهی هەژاری کورد.

٣- حیزبی کوردی وەها بونیادنەنراوە کە حیزبی خەڵک بێت. بۆیە نوێنەرایەی کەس ناکات. لەهەمانکاتدا دەیەوێت نوێنەری هەمووان بێت.

٤- حیزبی کوردی، وەک حیزبێکی خۆرهەڵاتی دەرگایەکە بۆ بەدیهێنانی خەونی دەستەیەک، بۆیە هەمیشە وەک مولکی خەڵکانێکی تایبەت تەماشادەکرێت. ئەگەر ئەو خەڵکانە لە بەرژەوەندیاندا نەبوو کە حیزب هەبێت، ئەوا حیزب نامێنێت.

٥- ئەگەر هاتوو حیزبێک هەڵگری هیچ خەسڵەتێکی حیزبیی نەبوو، ئەوا ناتوانێت سنگی بکاتەوە بۆ حیزبێکی دیکە، چونکە هەمیشە لە ترسی ئەوەدایە کە بتوێتەوە، چونکە حیزبی کوردی ئەگەر دەزانێت چی لەگەڵ غەیرە کورددا بکات، ئەوا نازانێت چی لەگەڵ کورددا بکات.

**رۆژنامە: سەرۆکی هەرێم لە لێدوانێکیدا «بە خۆشحاڵییەوە» پێشوازی لە هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکات لە کوردستاندا، ئایا ئەم دانپێدانان‌و راشکاوییە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

* لەڕاستیدا مایەی خۆشحاڵییە کە ئۆپۆزسیۆن جێی خۆشحاڵی سەرۆکی بەڕێزە، بەڵام ئەم خۆشحاڵییە لە واقیعدا رەنگی نەداوەتەوە، ئێمە دەزانین لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا سەرۆک نایەت بڵێت پێم ناخۆشە، هەروەها دەربڕینێکی وەها لە رووی ئەتەکێتی دیبلۆماسییەوە پێویستە، بەڵام هەڕەشەو هێرش‌و تۆقاندن‌و سوتان شتی دیکەی لەمجۆرە نیشانەی ئەوەن کە زۆرێک هەن پێیانخۆش نییە، دیارە ئەم هەڵوێستە پۆزەتیڤە باشە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە زیاتر لە دەربڕینی هەستێکە. من بە هیوام ئەمە سەرەتایەک بێت، بۆ کردنەوەی دەرگاکان‌و شوێنکردنەوە بۆ هەمووومان لە ماڵێکدا.

**رۆژنامە: دەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە ماوەیەکدا بەوەی خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد دەتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەنجامێکی وایان نەدا بەدەستەوە، بەرای تۆ تا چەند ئیسلامی سیاسیی لە توانایدایە ببێتە ئۆپۆزسیۆن؟ یاخود هەر لە ریشەوە ناوەخنی ئەم هێزە لە توانایدا نییە رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی بگێڕێت؟ لەوێشەوە پاشەکشەی ئەم هێزە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

* ئیسلامی سیاسیی خاوەن دیدێکی سیاسی نییە. ئیسلام وەک ئایینێک کە سەرچاوەی تاقانەی ئەو هێزانەیە لە رووی سیاسییەوە لەسەرتاپا مێژوویدا لە قەیرانێکی سەختدا ژیاوە. ئیسلام نازانێت چۆن کێشەی سۆڤرن، یان سیادە، سەروەریی چارەسەربکات، ئەمە لە پەیماننامەی حودەیبەوە تائێستا گەورەترین کێشەی ئایینی ئیسلامە، ئیسلام هەر کاتێک پیادەی دەسەڵاتی کردبێت دژ بە ئایینی ئیسلام خۆی بووە تەنیا ئەوەندە بەسە لە سەربووردەی ژیانی ئیمامی شافیعی‌و حەنەفی‌و حەنبەل‌و ئەوانی دیکە بنوارین چۆن لەسەر دەستی دەسەڵاتدارە مسوڵمانەکانەوە هەمیشە چەوساونەتەوە، ئازاردراون، تەنانەت لە بەندیدا مردوون. روویەکی دیکە نەبوونی عەلمانیەتە (ئەم چەمکە قسەی زۆری دەوێت). لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت عەلمانی بێت. ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت حیزبێکی سیاسی بێت لە دیدەکانی ئیسلامەوە سەرچاوەبگرن، بەڵام سنگفراوان بێت، ئیسلامێک بن لە جۆری ئیسلامی مەککە.

لەم دۆخەی کە هەیە، ئیسلامی سیاسیی ناتوانێت ببێتە ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئەو لەکاتێکدا خاوەن دیدێکە، بەڵام ناتوانێت سازش لەسەر ئەو دیدە بکات، کەواتە لە ئەنجامدا توانای قسەکردن‌و گفتوگۆو گۆڕینەوەو دیالێکتیکی نییە. کاتێک ئەم حیزبە لاوازە دەیەوێت خۆی میانڕەو بنوێنێت، بەڵام چونکە هیچ پرنسیپێکی میانڕەویی نییە، بەڵکو لەڕاستیدا خۆی متداوە بۆ ساتی گونجاو، ئەوا لە ساتی ئێستادا لە متبوو دەچێت ئیسلامی سیاسیی دەبێت ببنە خاوەن تیۆرەی سیاسیی سەردەمیانەی خۆیان. ماوەردیی‌و مەودودیی‌و قوتب بە کەڵکی ئەم رۆژگارە نایەن، من بڕواموایە کە ئیسلام ئەو مەترسیانەی هەیە بۆ ئەوەی تیۆرەیەکی سیاسیی مرۆڤانە دابرێژێت، بەڵام ئەگەر بڕوای بە ئازادیی‌و عەقڵانیەت هەبێت.

دیارە ئیسلامی سیاسیی کوردی یەک رەنگ نییە. بزووتنەوە شەرم لە کوردبوونی خۆی ناکات. رابیتە یان یەکگرتوو، هێزێکی ترسناکە، چونکە دەزانێت چۆن مۆدێرنە بە کاربەرێت بۆ مەرامی خۆی، ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت، ئەوا هێزێکی ستەمکار بونیاد دەنێت. لە بیری قوتبدا دەیبینی ئەو دۆستایەتیە نزیکە لەگەڵ هێزە کۆنەپارێزە فاشیستەکانی خۆرئاوادا دەبینی. ئەوانی دیکە هێزی بچووکن، بەڵام جیاواز.

**رۆژنامە: تا ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان زیاتر پەرلەمانێک بووە بۆ پە یاساکردنی فەرمانە حیزبییەکان، رۆڵی ئۆپۆزسیۆن چییە لەوەدا کە پەرلەمان بکاتە پردێکی راستەقینەی نێوان خەڵک‌و حکومەت؟ بەو واتایەی کە گفتوگۆکانی لە بابەتی تیۆری‌و گشتییەوە ببنە بابەتی زیندووی خەڵک؟**

*دەبێت ئەو راستییە تاڵە لە بەرچاوبگرین کە کلتووری ئێمە، مێژووی ئێمە، مێژووی ئۆپۆزسیۆن نییە. ئۆپۆزسیۆن یانی بڕوابوون بەوەی کە تۆ نوێنەری هەمووان نیت، خاوەنی هەموو راستییەکان نیت، بەڵام لە هەموو گرنگتر چەمکی ئەویترە. بە مانای ئەوەی کاتێک هێزێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بڕوای وەهایە کە ئەویتر پێویستە، ئەویتری جودایە، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆو راگۆڕینەوە، پەرەپێدانی بیرورا. ئەمە بەگشتیی لە کلتووری ئێمەدا ونە. لەڕاستیدا ئەمە لە مێژووی خۆرئاواشدا بەشێوەیەکی راستەقینە تەنیا لە رۆژگاری پۆستمۆدێرنەوە بە جدیی قسەی لەسەر دەکرێت.

بۆ ئەوەی ئێمە فێری ئەمە بین دەبێت فێری سنگفراوانی بین. ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی پێیدەڵێن تۆلەرانس ئەمە بە ئاسانی نابێت. بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت سنگی فراوان بێت بەرامبەر رەخنە، بتوانێت گوێبگرێت، بکەوێتە گفتوگۆ، بڕوای وەها بێت کە ئەو خاوەنی هەموو باشییەکان هەموو راستییەکان نییە، ئەوا ئەو کەسە پێش هەموو شتێک پێویستە بڕوایەکی تۆکمەی بە خۆی هەبێت. حیزبی کوردی کە پێی دەڵێی دەکرێت شتێک بەشێوەیەکی دیکەبێت، ئەوا هەر زوو هەڵتدەداتە خانەی بەکرێگیراوی پیاوی بیانی‌و شتی قۆڕو بێمنای لەو شێوەیە. (هەمیشە کە گوێم لەو جۆرە خیتابانە دەبێت سەدام حسێنم بیر دەکەوێتەوە).

چۆن پەرلەمانێکمان هەبێت کە ببێتە پردێک یەک دەبێت ئەو پەرلەمانە خۆی بە پرد بزانێت، خۆی بە نوێنەری خەڵک بزانێت. کاتێک سەرێکی لە دەسەڵاتە سەرێکی دیکەی لەناو خەڵکی بێت. سیستمی پەرلەمانی لە کوردستان رێگەی بەمە نەداوە، بۆیە هێشتا نوێنەرایەتی سیستماتیزە نەکراوە ئەندام ناچار نییە گوێ لە خەڵکی بگرێت، بۆ ئەوەی بە ئەندامی بمێنێتەوە زیاتر گرنگە کە دڵی سەرۆکی حیزبەکەی راگرێت. حکومەتی هەرێم لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەو ئەو جۆرە حکومەتە هەنگاوی ناوە کە من لە تێزی دکتۆراکەمدا تیوریزەی دەکەم. حکومەتێک لەپێناوی مانەوەی دەستەیەکدا هەردوو ترادیشوین‌و مۆدێرنە لە دۆخێکی شکستخواردودا قەتیسدەکات، بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت کارابێت، خاوەنی فشاربێت پێویستە بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا تۆکمەبێت. بتوانێت خەڵک بکاتە پاشخانی هێزی، ئەگەر دەسەڵات دەوڵەت دەکاتە بنەمای هێزی ئەوا ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزسیۆن خەڵکە. دەبێت ئۆپۆزسیۆن بزانێت چۆن خەڵکی بوروژێنێت. لێرەدا زاراوەی شەقام بەکاردێت، شەقامی کوردی، لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە مایەی سوکایەتییە، چونکە کورد لە عەرەبەوە وەریگرتووە، عەرەبیش لە ئینگلیزەوە کە لەڕاستیدا لە ئینگلیزیدا بۆ دیاردەیەکی بێ عەقڵ بەکاردێت، نەک هێزێکی خاوەن پلان‌و بەرنامەو خواست.

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن کارابێت دەبێت لە رووی کەناڵی وروژاندن‌و پەیوەندیی‌و رێکخستنی جەماوەر بتوانێت کارامەیی خۆی پیشانبدات.

**رۆژنامە: دەرکەوتنی هێزێکی وەک (گۆڕان) تا چەند دەتوانێت کاربکاتە سەر قووڵکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە؟**

* گۆڕان هەنگاوێکی باشە، بەڵام کاری زۆرو سەختی لە پێشە. لەڕاستیدا سیاسەتی کوردی بیابانێکە، گۆڕان دەرفەتی ئەوەی هەیە کە ئەسپی خۆی تێدا تاوبدات، بەڵام ئەم کارە ئاسان نییە. لێرەدا من مەبەستم لە بیابان چۆڵی‌و دژواریی‌و وشکییە، چۆن گۆڕان بتوانێت لەم بیابانەدا بونیادنێت، بەرنامە دارێژێت، وەڵامی خواست بداتەوە، خۆی لە نەرێتە قێزەونەکانی سیاسەتی کوردی رزگاربکات، گۆڕان دەبێت هەوڵی بە دەزگاییبوونی خۆی بدات. زانستییانە بەرنامەو پلانی هەبێت بۆ هەر هەنگاوێک کە دەینێت.


گۆڕان دەبێت خۆی لە دیاردەی کەس‌و کەسبازیی بپارێزێت. نەکەوێتە داوی ئەوەی پەرلەمان ببێتە ململانێی کەسەکان‌و شوێنی رق‌و هەڵدانەوەی پەرە رەشەکانی رابردوو. گۆڕان بەوە براوە دەبێت کە لە دونیای تەسک‌و تەریکی سیاسەتی کوردی بێتە دەرەوە. سیاسەت بکاتە زانست، هونەر تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێت کەلێنێک لەنێوان رابردوو ئێستادا دروستبکات بەرەو داهاتوو هەنگاوبنێت.

بە کورتی دەبێت گۆڕان پلانی ئابووری ئاشکرای هەبێت بۆ هەرێم، پلانی کۆمەڵایەتی، پلانی سیاسی، پلانی کلتووریی هەموو بوارەکانی دیکە، دەبێت لەسەر بنەمای ئەم پلانانە رەخنەی خۆی ئاراستەی دەسەڵات بکات.

بەڵام سەرباری ئەمانە دەبێت ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن توانای هەڵوەشاندنەوەی خیتابی دەسەڵاتیان هەبێت، لێرەدا مەبەستم لە هەڵوەشاندنەوە لە چەمکە دریداییەکەیەتی. هەڵوەشاندنەوەی دریدایی یانی هەبوونی توانای خوێندنەوەی خیتاب، هەڵوەشاندنەوەی بۆ پێکهاتە بنەڕەتییەکانی، پاشان هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هێزانەی کە لە پشت دارێژانی ئەو خیاتابەوەن، چونکە کردنەوەی تەلیسمەکانی خیتاب، بەیانکردنی بە زمانێکی سادە، تەنیا رێگەیە بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن پێوەی پەیوەست بن، دیارە ئەمە مەرج نییە کەسانی ئەندام خۆیان هەموو کاربکەن، بەڵام دەتوانرێت لەرێگەی هەبوونی دەزگایەکی تایبەتەوە ئەوەی پەیوەستە بەمەوە ئەوەیە کە گۆڕان نابێت هەرگیز لە مەعریفە دابڕێت.

# پێنجشەممە...

**سالار توتمانی**



پێنجشەممە...، بڕیارە ئەو ڕۆژەبێت کۆتایی دێنێت بە پەرلەمانێکی وەنەوزدەری باوێشکدەر، بڕیارە ئەو وێنەو سکێچانەی لە چوار ساڵی پەرلەمانی ڕابردوودا کێشران تەسلیم بە ئەرشیفی مێژووبکرێن، ئەو دەستانەی بە فەرمانی حیزب بلند دەبوونو بە چاو قوچاندنێکی مەکتەب سیاسییەکان شۆڕدەبوونەوەو پەنجەکانیان لەناو قولە مشتیاندا گرمۆلە دەکرد لەسەر ڕەفەکانی ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسی دەقبکرێنو هەڵبگیرێن.

بڕیار وایە بەپێچەوانەی پەرلەمانی پێشووەوە، لەبری قسەکردن لەسەر جگەرە، خەتەنەکردنی مێینە...، قسەکردن بێت لەسەر شەفافیەتی بودجە، سوپایەکی یەکگرتووی مۆدێرنی داماڵدراو لە فەوجی تایبەتو میلیشیای حیزبی، قسەکردن بێت لەسەر شەفافیەتی داهاتی سامانی سروشتی نیشتمانی، دەستووری هەرێم، ناوچە دابڕاوەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لەهەر سێ دەسەڵاتەکە، چۆنێتی بودجەی حیزبەکان، دیارە ئەم چاوەڕوانییە زۆرو زەوەندەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە کابینەی شەشەم، لە دەرئەنجامی ئەو ئەنجامەوە دێت کە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا قەوارە سیاسییەکان بەدەستیانهێنا کە سەرلەبەری هاوکێشەکانی چوار ساڵی پێشووتری گۆڕی، پەرلەمانی باشووری کوردستانی لە قۆناغی بایکۆتکردنی دوو ڕەنگە سەرەکییەکە ئازادکردو کورسییەکانی لە سەرجەم ڕەنگەکانی دیکەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی هەرێم هەڵکێشا.

ئەم چاوەڕوانییە چاوەڕوانییەکی حاشاهەڵنەگرە بەو پێودانگەی کە ئەم هەڵبژاردنە ژمارە درێژەکانی کورتکردەوەو ژمارەیەکی بەرچاوی نوێی بەخشی، ژمارەیەک کە خۆی بە دەورو خولدانی ئۆپۆزسیۆنبووندا نمایشدەکات، هەر ئەم ئۆپۆزسیۆنبوونەشە جەماڵی ئەم پەرلەمانە لەگەڵ پەرلەمانی ڕابردوودا جیاواز وێنادەکات، بە پاڵپشتی ئەم ئۆپۆزسیۆنبوونەیە خەڵکیی گرەو لەسەر باشبوونی گوزەرانو دەرکەوتنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە دەکەن، ئەم گرەوەش تا ڕادەیەکی باش بنچینەیەکی پتەوی هەیە، چونکە حکومەتو کۆمەڵگەی تەندروست بەندە بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەوە، بۆیە دەکرێت نمایشکردنی ئەم دڵخۆشییەمان بە بیستی مانگی هەشتی دوو هەزارو نۆ، لەسەر خۆش باوەڕیو خەیاڵ پلاوی نەبێت، بەڵکو لە باوەڕی تەواومانەوەیە بە ئاییندەی ئەم پەرلەمانە، لەبەرئەوە کاتی ئەوە هاتووە کاریگەریی دەنگەکانمان هەموولایەکی بەخەبەر هێنابێتو ترسیان لە دڵی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چاندبێت کە بێمنەتبوون لە خەڵک... بتوانێت گەورەترین قەوارەی حیزبی دەسەڵاتدار لەسەر کورسی دەسەڵات بهێنێتە خوارەوەو تەسلیم بە هێزی تازەی بەرندەبووی بکات.

بۆیە پێویستە کەڵک لە چوار ساڵی داهاتوو وەربگرینو خوێندنەوەی جەوهەرییانە بۆ شکستبکەین، نەک سەرپێیانە لێبڕوانین، چونکە لە وڵاتی دیموکراسیدا ئەوە ئەو دەنگانەیە دەتوانێت چارەنووست دیاریبکات، نەک هێزو نووستن لەسەر پاڵەوانێتی ڕابردوو.

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ١٥٤/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو نهاد صلاح الدین نجم الدین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤١٥) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (کفری)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امین

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ٢٤٠/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتبارانی ڕاکردوو نهاد ١ ـ سرتیب محمد امین مجید ٢ ـ محمد علی محمد امین ٣ ـ ارام محمد أمین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ڕزگاری/ کەلار)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امین

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن لە کەلار
ژمارە: ١٧٢/ج غم/٢٠٠٨

«ئاگاداری»

بۆ/ تۆمەتبار هەڵهاتوو یوسف عبد خلف نیشتەجێی کەلار گەڕەکی سەرکەوتنی جاران و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لە پەڕاوی ژمارە (١٧٢/ج غم/٢٠٠٨) تۆمەتباریت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان، بۆیە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٧) دیاری کراوە بۆ دادگایی کردنت، جا پێویستە لەو ڕۆژەدا لەم دادگایە ئامادەبیت یان خۆت بدەیت بە دەستەوە بۆ ئامادەکردنت، بە پێچەوانەوە بە شێوەی (پاشملە) دادگایی دەکرێیت.

**دادوەر**
**عباس محی الدین قادر**

---

محكمة الأحوال الشخصية
في كفري

**العدد/ ٢٦٦/ش/٢٠٠٩**
**التاريخ/ ٢٠٠٩/٨/٥**

**م/ اعلان**

**الي المدعى عليها افراح عبدالحسين تسكن كفري رزكارى سابقاً مجهول محل الأقامه حالياً**
**اقام مطلقك المدعي عادل وهاب رشيد الدعوى الشرعيه المرقمه ٢٦٦/ش/٢٠٠٩ امام هذه محكمه يطلب فيه دعوتك للمرافعه والحكم بنفي نسب كل فى (فاطمه و علي) اولادكما من فراش الزوجيه و المسجلين بأسم والد ووالدة المدعي كل من وهاب رشيد سليمان و (سعديه رستم محمود) ولمجهوليه محل اقامتك تقرر تبليغك اعلاناً بصحفتين يوميتين محليتين و في حاله عدم حضورك اومن ينوب عنك قانوناً سوف تجري المرافعه بحقك غياباً و علناً وفق الأصول علماً أن موعد المرافعه في ٢٠٠٩/٨/٢٤.**

**القاضي**
**طارق نجم عبدالله**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ٢٠/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو ابوبکر محمود محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (قەڵادزە/ پشدەر)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امین

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٣٩٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو کەیوان یوسف کریم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ڕزگاری)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**عادل احمد توفیق**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن لە کەلار
ژمارە: ٥٢٢/ج م/٢٠٠٨

«ئاگاداری»

بۆ/ تۆمەتبار هەڵهاتوو گوڵاڵە صالح حسن نیشتەجێی کەلار گەڕەکی سەرکەوتنی جاران و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لە پەڕاوی ژمارە (٥٢٢/ج م/٢٠٠٨) تۆمەتباریت بەپێی ماددەی (٣٣٣) لە یاسای سزادان، بۆیە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٧) دیاری کراوە بۆ دادگایی کردنت، جا پێویستە لەو ڕۆژەدا لەم دادگایە ئامادەبیت یان خۆت بدەیت بە دەستەوە بۆ ئامادەکردنت، بە پێچەوانەوە بە شێوەی (پاشملە) دادگایی دەکرێیت.

**دادوەر**
**عباس محی الدین قادر**

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٤٧١/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو هونەر عبدالله أحمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٢٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**عادل محمد توفیق**

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ٤٨٧/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٤

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو ریاض علی زیتو
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەیوان)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**عادل احمد توفیق**

---

هەرێمی کوردستان عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن/ ٢
ژمارە: ١٥٠٨/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١٨

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو ماهر حمید محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی ( )وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**گەشاو محمد امین**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن / ٢
ژمارە: ٨٠٢/ج /٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١٤

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو هەردی محمد محی الدین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٢٨) لە یاسای (سزادانی عێراقی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئەزمەر)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**گەشاو محمد امین**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پەرلەمانی دەنگدەران...



رزگار ساڵح

پێکهاتەکانی پەرلەمانی نوێ لە هەمان بینایەی پەرلەمانی کۆندا کۆدەبنەوەK وەک رەنگی کورسیو بۆیاخی دیوارەکانی، بەڵام ئەوەی مشتومڕەکان گەرم دەکات هەر بە تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکان نییە، بەڵکو جێگۆڕکێی کارتێکەرەکانی تاکی کۆمەڵگەیە لە دابەشبوونی کورسییەکان، دابەشبوونی کورسییەکانیش ئەو هاوکێشەیەی هەڵگێڕایەوە، کە زۆرینەیەکی دەنگی نارازی نارێکخراوی کۆمەڵگە بە کەمینەیەکی خۆڕێکخەری پشت بەستوو بە سامانی گەلی وت: هەتا سەر ناتوانن بە پاساوی توراسی خەباتی پێشینە یان شۆڕشگێڕی دێرین تا مردن پۆستە سیادییەکان لە پەرلەمانو حکومەتدا مسۆگەر بکەن.

لە هەڵبژاردنی مانگی تەممووزدا شتێک نەما بڵێت گەر من نەبم تۆ نامێنیت، یان گەر حیزبەکەم مووچەیەکی لابەلا نەداتە کارمەندەکانی لەو شوێنەی ناویان ناوە ناوچە جێناکۆکەکان ئەوا کەرکوکو خانەقین یان هەر بستە خاکێکی کوردستان ناگەڕێتەوە سەر نەخشە نەگۆڕاوەکەی کوردستان.

پەرلەمانی نوێ دەبێت بڕیارە چارەنووسسازەکانی خەڵک لە بن هەژموونی دوو گروپی پێشینەی دژ بەیەکی ناچارکراو بە یەک لیست دەربهێنێتو کۆمەڵگە دەرباز بکات لە چینی ژمارە یەکی دەسەڵاتداری فەرماندەرو چینی ژمارە دووی جێبەجێکەر، کارکردن لەسەر گۆڕاندنی پێکهاتە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگە وەک ئەوەی دەسەڵاتی پێش (٧/٢٥) هیوای مانەوەی خۆی لەسەر هەڵچنیبوو، تەکانێک دەداتە ئەو تاکانەی گەر پێشتر کابوسی ترس خۆی نمایش دەکرد لە نانبڕیندا ئەوا لە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بە قازانجی پڕۆسەی گۆڕان بێمنەتانە دەنگ بە نوێنەرەکانی خۆیان دەدەن.

دەکرێت توخمە تازەکانی یەک مانگەی بانگەشەی هەڵبژاردن، کە لەلایەن خەڵکەوە بەرهەمهێنرا هەڵوێستەی لەسەر بکرێتو پەرلەمانتارە هەڵبژێردراوەکان لەسەری بووەستن، مەبەست لەم رستەیە هێنانەکایەی تایبەتمەندییە نوێیەکانی دەنگدەرە دژ بە یەکەکانی لە دوو جەمسەری ناتەبای ئێستای کورتخایەنو هاوکار لە داهاتووی هەتا هەتایی، ئامانج لە پێکهێنانی ئەو دوو جەمسەرە دەکرێت لە نموونەیەکی شەقامی (سالم)دا بەرجەستە بکرێت بە یەکخستنی جەماوەری هەردوو سایدەکە لە یەک پرۆژەدا، کە ناوی(گۆڕانە).

گەر وردبینانە لە پرۆسەکە بڕوانین ئەوە خەڵک نەبوو ئازادانە دەنگیان بە نوێنەرەکانی لیستی دەسەڵات دا، بەڵکو لە واقیعدا کاندیدەکان پشت ئەستوور بە دەرامەتی حیزب خەڵکیان هاندەدا ئەم هەڵبژێرن، گەر ئەمیشیان پەسەند نییە دەنگ بە هاوشێوەکانیان بدەن تا لە پەرلەمانو حکومەتی داهاتوودا دەنگی کورتهێناوی حیزبەکەیانی پێ قەرەبوو بکەنەوە، ئالێرەوەیە گۆڕانکاریی دەست پێدەکات گەر لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی نوێدا دەنگدەرانی لیستی دەسەڵات وەک دەنگدەری خۆی چاولێبکاتو بە هەمان ئەندازە بەرگری لێبکات، ئەوا لە پرۆسە گەورەکەی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی کوردستاندا تاکی کورد دەنگ دەدات بە رەنگی خۆی نەک بە رەنگی حیزبە تەقلیدییەکان.

# بەختیار عەلی رووکەشانە تەفسیری واقیعو رەنگدانەوەی چەمکی دوالیزمی رەها دەکات

هەژار تەها

دوێنێ لەسەر مێزی برادەرێکم چاوم چووە سەر برگەیەک لە ناونیشانی وتارێک، کە نووسرابوو دوالیزمێکی رەها، ئەم برگەیە سەرنجی راکێشام بۆ خوێندنەوەی ناونیشانەکەو پاشان تەواوی نووسینەکە.

( دیارە مەبەستم لە وتارێکی بەختیار عەلی یە، کە لە ژمارە(٥٣٢)ی رۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی دژ بە هەموو دوالیزمێکی رەها)

وەک وتم؛ ئەو برگەیە زۆر سەرنجی راکێشام، چونکە مەسەلەیەکی تەواو گرنگو لە هەمانکاتدا هەستیارە.

کورد وتەنی وتم؛ کوڕی خۆی دەوێ باس لەو مەسەلەیە بکات. بینیم نووسەری بابەتەکە لەچاو خۆدا ئەو کوڕەیە کە دەتوانێت هیچ نەبێت پەنجە تووتەی بکات بە ناو ئەو گۆماوە لیخنەدا، کە دوالیزمی رەها لە کوردستاندا هێناویەتە کایەوەو هەموو دەنکۆڵەکانی کە بە دەیان سەدەیە بەر یەک نەکەوتوون بە یەکیاندا بدات.

لە سەرەتاوە دەڵێم؛ تاکە مەبەستی من لەم نووسینە بەشداریکردنە لە مشتومڕێک لەبەر رۆشنایی نووسینێکی دیکەو هیچی تر.

دەکرێت نووسەرێک لە لێکدانەوەی زاراوەیەکدا بە هەڵە بچێتو نەتوانێت پەنجە بخاتە سەر ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بەو زاراوەیەوە هەیە، بەڵام گومانم هەبوو شیکردنەوەیەکی رووکەشیی وەها لە وتارێکی بەختیار عەلی دا ببینمەوە لە کاتی لێکدانەوەی چەمکە مێژوویی‌و کلتووری‌و رەنگدانەوەی دوالیزمی رەها لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

من جگە لە یەک دوو چاوپێکەوتنی بەختیار عەلی‌و رۆمانێکی هیچی دیکەیم نەخوێندووەتەوە.

بەڵام ئەو بابەتانە بەس بوون، بڵێم کوڕی ئەوەیە باسێکیش لە دوالیزمی رەها بکات.

وەک تێگەیشتنی خوێنەرێک مەبەستی سەرەکی لە نووسینی وتارەکە شکاندنی دوالیزمە، کە بە شێوەیەکی رەها (یان رەشیت یان سپیت) رەگو ریشەی لە هەندێک کۆمەڵگەدا داکوتیوەو بەردەوامیش بەهێز دەکرێت.

سەرەتا نووسەر باس لە چەمکی مێژوویی دوالیزمی رەها دەکاتو دەیگێڕێتەوە بۆ بنەماکانی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

هیچ گومانی تێدا نییە، کە ئایین دوالیزمی رەها بەرهەم دێنێتو وە لە کاتی بوونیدا بەهێزی دەکات، بەڵام لە کوردستاندا دوالیزمی رەش یان سپی‌و هیچی تر لەو کاتەوە دەستپێناکات، کە ئایینی ئیسلام هاتووەتە ناوچەکەوە، بۆیە ئایینم لە ئیسلامدا بچووک کردەوە، چونکە نووسەر نموونەی دوالیزمەکەی بە موسڵمان یان کافر هێناوەتەوە.

کۆکییەک لەسەر بنەمایەکی لۆژیکیی هەیە لەسەر ئەوەی، کە دیارترین تایبەتمەندیی ئیسلام ناساندنی دەسەڵاتی ئایینی سیاسییەو هیچ کاتێک باس لەوە نەکراوە، کە دوالیزمی هێنابێتە کایەوە یان بەهێزیشی کردبێت.

ئەمە ئەو شیکارەیە کە دەبێت نووسەر بە خوێنەرەکانی بڵێت، چونکە هیچ گومانم نییە زۆرینەی خوێنەرەکانی تەفسیری هەڵەی بۆ دەکەنو دەڵێن ئەمەش هەر خەتای ئیسلامە کە نووسەر لەوانەیە خۆی لە ئیسلامدا پچوکی نەکاتەوە، بەڵام ئەگەر وایکرد هەڵەیەکی زانستیی گەورەی کردووە.

من لەسەر ئیسلام قسە دەکەم، چونکە چواردە سەدەیەک دەبێت لە کوردستاندا پراکتیزە دەکرێتو تارادەیەکی زۆریش کاریگەریی ئایینەکانی دیکەی لەسەر چەمکە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و فیکرییەکان نەهێشتووە.

لەبیرمان نەچێت کە ئیسلام باوەڕی بە دوالیزم هەیە، بەڵام هیچ کاتێک کوردەکان بە شێوەیەکی رەها لە کاتی پراکتیزە کردنی ئیسلامدا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، کە رەشن یان سپین، بەڵکو بە جۆرێک تێکەڵیان کردووە نە رەشەو نە سپییە، ئەگەر بڵێین شتێکی تازەش نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵام نە رەشن‌و نە سپین یان راگرتنی باڵانسە لە نێوان رەش‌و سپیدا هەروەک چۆن بەختیار عەلیش تارادەیەکی زۆر دەیەوێت ئەو باڵانسە رابگرێت، لەبەرئەوە ئاستەنگە بڵێین میللەتێک لە خودی پراکتیزەکردنی ئایینەکەیدا بە شێوەیەکی رەها بڕیاری نەداوە رەش بێت یان سپی بنەمای ئەو ئایینەی بەکاربهێنێت بۆ بڕیاردان بە شێوەیەکی رەها لە لێکدانەوەی چەمکە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا.

هەرچەندە خودی ئایینەکە ئەوەی ساغکردووەتەوە، کە ئەو جۆرە تێکەڵکردنە سیمایەکی کوشندەی دووڕوویی‌و بەرەو یەکێک لە لاکانیان دەبات، بەڵام وەک وتمان هیچ کاتێک کورد بەلایەنی کەمەوە لە ئێستادا نەچووەتە ژێر باری ئەو دابەشبوونە رەهاییەوە، کەواتە ئایینی ئیسلام نەبووەتە مایەی هێنانی دوالیزمی رەها لە کوردستاندا بگرە نەشیتوانیوە بەهێزی بکات.

پاشان بەختیار عەلی باس لەو ئازادییە دەکات، کە پێویستە وجودی هەبێت بۆ شکاندنی دوالیزمی رەهاو بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیدانەی دەسەڵات دەکات بە لێسەندنەوەی ئەو ئازادییەو بە نووسەرەکان دەڵێن مەنووسن، لە هەمانکاتدا بەختیار تەئشیر بەو نووسەرانە دەکات، کە نانووسن‌و بە لاڵو ترسنۆک لە قەڵەمیان دەداتو پێیان دەڵێت بنووسن. پرسیار دەکەم‌و دەڵێم؛ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو دوو فرمانی ئەمرەی، کە یەکێکیان لە دەسەڵاتەوە دێتو ئەوی دیکەیان لە بەختیار عەلییەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو ئازادییەی کە پێویستە وجودی هەبێت بۆ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بیرۆکەی نە رەش نە سپی تیایدا چەکەرە بکات. نووسەرەکان ئەگەر نووسییان‌و لە بەرەی دەسەڵات نەبوون یان باڵانسیان رانەگرت دەکەونە ژێر پەلاماری ئەوانەوەو ئەگەر نەیاننووسی دەکەونە ژێر رکێفی جنێوو تانەو تەشەری نووسەرێکی وەک بەختیار عەلی.

(لاڵو ترسنۆک) ئەو دوو زاراوەیەیە، کە بەختیار عەلی دژ بە نووسەرانی بێدەنگ بەکاری دەهێنێت، من بە بەختیار عەلی دەڵێم: مەرج نییە ئەوانەی نانووسن لاڵو ترسنۆک بن بەرامبەر هەڕەشە فیعلییەکانی دەسەڵات یان نایانەوێت بکرێن بە رەش یان سپی، چونکە وەک خۆشی وا دەزانم باوەڕی وایە زۆر دەمێکە بێدەنگیی لە قالب دراوەو کراوە بە رەش یان بە سپی.

نووسەرانی بێدەنگ لە ئێستادا ئەوەندە بێزارکراون‌و ترس‌و بێزارییان زۆر گەورەترە لەو ترسە فیعلییەی لەسەریان دەبێت ئەگەر بنووسن.

مەرج نییە ئەوانەی نانووسن وەک بەختیار دەڵێت؛ سەریان داپۆشیبێت لە ژێر بەرداشی جەهلداو باوەڕیشیان وا بێت بێدەنگی باشترین وەسیلە بێت بۆ ئەوەی نەبیت بە رەش یان بە سپی، لەوانەیە لە دیدی ئەوانەوە هیچ رووی نەدابێتو ئەوەی رووی داوە نەبێتە مایەی دروستبوونی ئەو دەلاقەیە بۆ ئازادی‌و بیروڕای جیاواز، کە زۆرینە باوەڕی وایە دروست بووە، رەنگە ئەمە بیرکردنەوەیەکی رەشبینانە بێت، بەڵام بە باوەڕی ئەوان خزمەتێکی زیاتر بەو رووداوانە دەکەن بە بێدەنگی کە زۆرینە پێیوایە روویان داوە. هەروەها دەکرێت لە دیدی کۆمەڵێک نووسەری دیکەوە ئەو رووداوانە بە رووداو بزانن‌و بە زەمینەیەکی باشی فیکریی بزانن، بەڵام مەرج نییە ببن بە زەمینەیەک بۆ نووسین، یان لەوانەیە کۆمەڵێک نووسەری بێدەنگ زانیاری تەواویان لەبەردەستدا نەبێت بۆ شیکردنەوەی ئەو رووداوانەو نووسینی ئارگۆمێنتێکی لۆژیکیی، کە بە بنەما زانستیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەکان پشتگیریی بکرێن، لەوانەیە ئەوانە نووسین وەک ئەرک ببینن نەک وەک کارێک کە نانەوایەک دەیکاتو هەمیشە گونکەکانی حازرن‌و لەسەر داواکاریی موشتەرییەکانی بە تەنورەکەیەوە بدات، ئەمە ئەو خوێندنەوە واقیعیەیە کە دەبێت بۆ بێدەنگیی بکرێتو رەهایی قوڵ نەکەینەوە بە بچووککردنەوەی بێ دەنگیی لە ژێر لۆژیکێکی کلاسیکیدا.

بەختیار عەلی خۆی دەڵێت: مرۆڤ لە رێگەی بیر کردنەوەو پرسیاری بەردەوامەوە یەک بۆتەو یەک جوغزیی دەشکێنێت، من نازانم بەختیار عەلی پێش ئەوەی نووسەرانی بێدەنگ بە لاڵو ترسنۆک لە قەڵەم بدات بۆ نەیپرسی (بۆنانووسن ) لەم وتارەدا.

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە بەختیار عەلی بیری کردووەتەوەو دیدی خۆشی کردووە بە نووسین‌و دەریبڕیوە، بەڵام پرسیاری نەکردووە، ونبوونی پرسیار تێزێکی دی قووڵ دەکاتەوە، کە زۆر ترسناکترە لە دوالیزمی رەها کە ئەویش یەکانگیرییە، بۆ وەک من نانووسیت؟ بۆچی تۆ نابینیت خۆ من دەبینم؟

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بەختیار عەلی نموونەیەکی ناتەواو دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی داننەنان بە ململانێ‌و دووبارەبوونەوەی ریالیزمی رەها لە کوردستاندا لە رووداوێکدا ئەویش رووداوی سوتاندنی کتێبەکانی فەرهاد پیرباڵە لە لایەن کۆمەڵێک گەنجەوە.

ئەم رووداوە ناتوانین هەروا بە سانایی تەفسیر بکەین بەوەی کە هێشتا ململانێ جێگەی قبووڵکردن نییەو بەرەی سپی کتێبەکانی بەرەی رەش دەسوتێنن، خۆ ئەگەر وا بوایە ئەو گەنجانە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین دەبوایە نووسین‌و کتێبەکانی بە لایەنی کەم دوو کەسیان بسوتاندایەو بیان وتایە بۆچی ئێوە سپی نین.

ئەم رووداوە کاردانەوەیەکە بۆ پیشاندانی نارەزایی بەرامبەر بە نووسەرێکی چەواشەکار لە دیدی ئەوانەوە، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە ئەم رووداوانەی لەسەر ئاستی سیاسیی کوردستان روویانداوە ئەگەری هێنانە دی فەزایەکن کە ئازادی راستەقینە تیایدا چەکەرە بکاتو گەرمیانیان بۆ فێنک بکاتەوە، ئازادییەک کە رۆژێک لە رۆژان فەرهاد پیرباڵیش لە نووسینەکانیدا ئیدیعای بۆ دەکردن، سوتاندنی کتێبەکان هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ قبوڵ نەکردنی ململانێ ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بە کەسێک لەمەودوا ناتوانێت چەواشەیان بکات، کاتێک مرۆڤ تێدەگات چەواشەکاریی بەرامبەر کراوە دەیەوێت سەرچاوەی ئەو چەواشەکارییە لە مادە دەربکاتو بیانکات بە هیچێکی بێ هیچ، بۆیە کاردانەوەیان تەنیا لە بێ دەنگی‌و قسەدا نامێنێتەوەو بە فیعلی کاری ناشیرینی مرۆڤانە لەسەر ئەو چەواشەکارییە ئەنجام دەدەن، سەرەڕای ئەوەش دیاردەی سوتاندنی کتێبی نووسەرێک رەنگە لە وڵاتێکیشدا ئەنجام بدرێت، کە کۆمەڵگەکەی باوەڕێکی تەواوی بە ململانێی زیاتر لە دوو رەنگ هەیەو لەو نموونانە زۆرن لەو وڵاتانەدا کە زۆرێک لە نووسەرانی کورد لەوێندەرێ فێری جیاکردنەوەی چەمکەکان بوون، پاشان لەوە ناگەم بۆچی بە لە قەڵەمدانی کاندیدێکی سیاسیی بە شێت لە لایەن بەرەی نەیارەوە جارێکی دیکە قبوڵنەکردنی بەرامبەر دەسەلمێنێت.

دەیان قسەی ساردو سوکم لەسەر هەموو کاندیدەکان بیستو خوێندەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە دیاردەیەکە لە ئێستادا بووەتە تایبەتدمەندی ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین فرەڕەنگی تێدایەو ئێمە هەوڵ دەدەین مەدەنییەتو فرەڕەنگی لەوانەوە فێر ببین.

بە بڕوای من قبوڵکردنی بەرامبەر لەو تەشهیرکردنەدا لەسەر ئاستی تاک گەیشتە حاڵەتی ئادیاڵ، کاتێک دەمبیست بەشێکیش لەوانەی خۆیان دەنگیان دابوو بەو کاندیدە بە شێتیان لە قەڵەم دەدا.

پاشان نووسەر رەخنە لەوانە دەگرێت، کە لە نووسینەکانیاندا لەفو دەوران هەیەو بە دیدی بەختیار عەلی نووسینەکانیان ئەوەندەی کارکردنە لەسەر ئەوەی، کە بڵێین نە رەشین‌و نە سپین، ئەوەندە خوێندنەوەی واقیعەکە نییە بە روونی، ئەمە راستە بەڵام ئەم لەفو دەورانەی لەم نووسینەی بەختیار عەلیدا هەیە هەر بە قەد ئەو لەفو دەورانانەیە کە کۆمەڵێک نووسەر لە نووسینەکانیاندا پیادەی دەکەن، بۆ ئەوەی نە شیش بسوتێ‌و نە کەباب، ئەگەر ئەم نووسینەی بەختیار عەلی لەفو دەوران نییەو راگرتنی باڵانس نییە لە نێوان رەش‌و سپیدا لە هێنانەوەی نموونەکەی بۆ سەلماندنی داننەنان بە ململانێدا پێویستی نەدەکرد دانانی کەمال میراودەلی کە بە شێت لە قەڵەم دەدرێت لە لایەن بەرەی نەیارەوە وەک نموونە بهێنێتەوە.

نزیکەی نۆزدە ساڵ لە پراکتیزەکردنی دوالیزمی رەها وا بزانم بەسە بۆ ئەوەی پێویست بە بەڵگە نەکات، کە دەسەڵاتو ئەوانەی لەو بەرەیەن باوەڕیان بەو چەمکە هەیەو کاری پێدەکەن، ئەوەی جێگەی بایەخی نووسینەو سەلماندنی نەفیکردنی ئەویتر لە دیدی نووسەرەوە لەلایەن پشتگیریکەرانی بەرەیەکەوە کراوە، کە مەشخەڵی گۆڕانی هەڵگرتووەو هەموو ئەوانە بە دیدی خۆیان هەر باوەڕیان بە سپی نییەو کار بۆ زیاتر لە دوو رەنگ دەکەن، دەکرا بوترایە کارێک دووبارە کراوەتەوە کە پێشتر کراوەو قبوڵ نەکردنی بەرامبەر دەسەلمێنێتەوە.

بە بڕوای من نموونە هێنانەوە لە هەردوولا نایسەلمێنێت، کە نە رەشین‌و نە سپین‌و هەست بکەین واقیع دەخوێنینەوەو شتێکی تازەیەو خزمەت بە فرەڕەنگی دەکات، ئەم بیرکردنەوەیە لەوانەیە زیاتر لە ژێر لۆژیکی کلاسیکیدا بێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم زۆرن ئەو نووسەرانەی، کە زۆر بە روونی باس لە واقیعی کوردستان دەکەن‌و هۆکارەکەی بەبێ تیرامانێکی قوڵ بۆ چەمکێکی مێژوویی یان نەسەلمێنراو دەگێڕنەوە، زۆرن ئەو نووسەرانەی دەیانەوێت لە دژی چەمکێک بنووسن‌و ئەو چەمکە بەهێز دەکەن یان چەمکێکی دیکە دەهێننە ئاراوە، کە زۆر ترسناکترە لەوەی خۆیان باسی لێوە دەکەن.

دەمەوێت داوای لێبوردن لە هەموو نووسەران بکەم، چونکە لەوانەیە یەک تەکنیکی وتارنوسین لەم نووسینەدا نەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە من نووسەر نیمو مەبەستم لە نووسین‌و پێکەوەلکاندنی ئەم وشانە روون‌و ئاشکرایە.

داوای لێبوردن لە کەسانی پسپۆڕ دەکەم کە منیش بە دڵنیاییەوە لە لێکدانەوەی چەمکەکاندا زۆر قووڵ نەبوومەتەوەو لەوانەیە بە هەڵەدا چووبم.



# ناوزڕاندنی ژنان بەهۆی گەمەی سیاسییەوە

چیمەن محەمەد رەشید

کەس هێندەی سیاسەتمەدارانو دەسەڵات بەسەر ژنانو ڕۆڵی گرنگی ژنان هەڵنادات‌و بایەخی بەشداربوونیان لەکایەکانی کۆمەڵداو بەتایبەت لە بواری سیاسەتدا بە گرنگ باسناکات!، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بانگەشەو پیاهەڵدانە تەنیا بۆ ئەوکات‌و مەبەستانەیە کە بۆ حیزب‌و دەسەڵات پێویستن دەنا کەس هێندەی سیاسەتمەدارو دەسەڵات بەرامبەر مەسەلەی ژنان کەمتەرخەم‌و خەمسارد نەبووە لەم هەرێمەی ئێمەدا.

پیاوانی سیاسەتمەدار چەندین جۆری ململانێیان بۆ پاراستنی کورسییەکانیان هێنایەئاراوە، بێگومان ئەو ململانێیانەی تەنیا مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندیی بێت ململانێی ناشەرعییەو ناچێتە چوارچێوەی ئەو ململانێیانەی بۆ پێشکەوتن‌و نوێخوازییە. ژنانیش لە سیاسەتدا بەخواست یان بێ خواست تێکەڵ بە ململانێکان بوون، کە زۆرجار کار لە ململانێدا نەماوەو تێپەڕیوە بۆ لەکەدارکردن‌و بوختانکردن، بەردەوام چەکی کاریگەر بۆ ململانێکردنی ژنان ئامادەیەو تەنیا بێویژدانی‌و بەسووک سەیرکردنی ژن چ وەک مرۆڤ چ وەک ڕەگەزی مێی بەسە، مەسەلەی ئابڕووبردنی ژنان لەدێر زەمانەوە بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی ناوبانگی بنەماڵەیەک بە ناوزڕاندنی ژنێک لەکەداربووە بۆیە زۆرجار ژنەکە هەر لەناو بابەتدا نەبووە، بەڵام بۆ تۆڵەیەک ئەمەکراوە.

ئەمڕۆش ناوزڕاندنی ئافرەتان‌و بەتایبەت ئەوانەی کاری سیاسیی دەکەن بۆ چەندین مەبەست‌و مەرامە ئەو پەیامەش کە ئاراستەی ژنان دەکرێت لەو ڕێگەیەوە بریتییە لەوەی: ژنان ئێوەو سیاسەتیان نەوتووە، بەوە نییە ئێمە بانگەشەدەکەین، بانگەشەی ئێمە لەبەرخاتری ئێوە نییە، بەڵکو ئەوە هەر ڕووی حیزبەکەمان لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سپی دەکەین‌و جگە لەوەش لەبەرئەوەی مافی هەڵبژاردنتان هەیە مەجبورین بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بەکارتانبهێنین‌و ڕێژەی دەنگەکانمان بەهۆی ئێوەوە مسۆگەربکەین، دەنا بەلای ئێمەوە ژن بۆ لەزەتە «متعەیە» نەک یەکسانی‌و مافی بەشداریی.

لەبەرئەوە هەرکاتێک ژن لە ململانێی سیاسیدا لەگەڵ ئەو لایەنە بێت خۆ ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت ئاساییە، بەڵام کاتێک زانرا ئەو ژنە لەو خەت‌و بۆچوونە لایدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەو توندترین‌و کوشندەترین هەڕەشەش ناوزڕاندنیەتی بەتایبەت کە ئەمڕۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا کە بۆ خۆشگوزەرانی‌و کارئاسانی مرۆڤایەتییە، بۆ ژنان بووەتە مەینەتییەکی دیکەو بەهۆیەوە بەئاسانی ناوی دەزڕێندرێت، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەمووی بریتییە لە ڕەوشتی ئەو کەسە، بەڵام لە سەدەی بیست‌و یەک‌و لە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازیی لەسەر بنەمای ڕەگەز «جێندەر»و هەوڵەکان بۆ بەشداریی سیاسیی ژن، کەچی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەهۆی تەکنەلۆجیای سەردەمەوە پەنایان بۆ ناوزڕاندنی ژنان برد، لەبەرئەوەی لە گەمە سیاسییەکاندا لە بەرژەوەندییان نەبوو یەکسەرو بەبێ دوودڵی کاریان بۆ ناوزڕاندنی کرد، بەڵام هەقەو ئەوە جێگەی خۆیەتی ژنان بە جیاوازی بیروبۆچوون‌و بە جیاوازی ئاڕاستەی سیاسیی ئەمە بە زەنگی مەترسیدار بزانن‌و لەوە بگەن کە هەموو ژنێک لەژێر سایەی جۆرە دەسەڵاتێکی ئاوهاو جۆرە بیرکردنەوەیەکی تەسک‌و نامرۆڤانەی وادا بۆی هەیە تووشی هەمان کارەسات ببێت‌و هەموو بەیەک دەنگ کۆکبن لەسەر ئەوەی نابێت ئەو ڕێگە قێزەون‌و نامرۆڤایەتییە بۆ ململانێ بەکاربێت‌و ژنیش بە ڕێگەی دەربڕین‌و مامەڵەی سیاسییانەو حیزبییانە سزابدرێت یان پاداشتبکرێت بۆیە نا بۆ ترساندنی ژنان‌و دەستەمۆکردنی بیرو بۆچوونی لەژێر فشاری مەترسیی ئابڕووبردندا.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩